# هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی تورکیا



٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨

گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
حوزەیرانی ٢٠١٨

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی تورکیا

## ( ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ )


## نوسین و ئامادەکردنی : گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com


حوزەیرانی ٢٠١٨

## ناوەڕۆک


پێشەکی ........ ٣
هەڵبژاردنی پێشوەختەی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ ........ ٥
هۆکارەکانی پێشخستنی هەڵبژاردنەکان (پەرلەمانی و سەرۆکایەتی) ........ ٥
مێژوی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە تورکیا ........ ٩
چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی هەڵبژاردنەکان ........ ١٠
پارتە بەشدارەکان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیادا ........ ١٤
کاندیدە رکابەرەکانی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا ........ ١٦
ناسنامەی بەربژێرەکانی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا ........ ١٨
پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و هەڵبژاردنەکان ........ ٣٢
پێگەی ژنان لە هەڵبژاردنەکان: (هەدەپە) پێشەنگە ........ ٣٤
پێشێلکارییەکانی بانگەشەی هەڵباردن لە تورکیا ........ ٣٦
دەنگ و کورسی لایەنەکان لە پەرلەمانی تورکیا ........ ٤٠
سیناریۆیی دەنگەکانی پارتی دەسەڵاتداری تورکیا (پارتی دادو گەشەپێدان) ........ ٤٠
سیناریۆ پێشبینیکراوەکان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ........ ٤٣
تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیا ........ ٤٦
ئەنجام ........ ٤٩
سەرچاوەکان ........ ٥٢

## پێشەکی

بڕیارە ڕۆژی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا بەڕێوەبچێت، لەم هەڵبژاردنی پەرلەماندا هەشت پارتی سیاسی کێبرکێی بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیا دەکەن، لەلایەکی دیکەوە شەش کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری تورکیا کێبڕکێ دەکەن.
بۆ یەکەمینجارە لەمێژوی هاوچەرخی کۆماری تورکیادا دوو هەڵبژاردن لە یەک کاتدا ئەنجام بدرێت، هۆکارەکەش پەیوەستە بەو گۆڕانکارییە دەستورییەی کە لەریفراندۆمەکەی نیسانی ٢٠١٧ دا دەنگی لەسەر درا، لەهەمواری نوێی دەستوردا تەمەنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی تورکیای هاوتای یەکدی بە پێنج ساڵ دیاری کراو یەک ڕۆژیش بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار دەستنیشانکرا.
لە بنەرەتدا دەبوو هەردوو هەڵبژاردنەکە لە ٣ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دا ئەنجام بدرانایە، بەڵام بەکۆمەڵێک هۆکار، هەریەکە لە پارتەکانی (دادوگەشەپێدان: ئەکەپە و پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا: مەهەپە) پشت بەست سەڵاحیاتەکانی ئەردۆغان کە باری نائاسایی پێی بەخشیبوو لەپاڵ دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردن و زۆرینەی پەرلەمانی، پەنایان بردە بەر پێشخستنی وادەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ڕێکەوتی (٣-١١-٢٠١٩)ەوە بۆ ڕێکەوتی (٢٤-٦-٢٠١٨).
ئەردۆغان ئامانجییەتی لەرێگەی ئەم هەڵبژاردنەوە بۆ جارێکی دیکە لەسایەی سیستەمی نوێی سەرۆکایەتی تورکیا زۆرینەی دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەربکات و بۆ پێنج ساڵی دیکە لە پۆستی سەرۆک کۆمار بەردەوامبێت، بەو دەسەڵاتانەی کە سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیا پێی دەبەخشێت. لەلایەکی دیکەوە (پارتی دادوگەشەپێدان)یش مەبەستیەتی زۆرینەی پەرلەمانی بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بەهەمان شێوە بۆ پێنج ساڵی دیکە لەحوکمڕانی تورکیا بەردەوام بێت.
ئەوەی ئەم هەڵبژاردنەی تورکیا لەهەڵبژاردنەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە بۆ یەکەمینجارە لەمێژوی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا پشت بەهاوپەیمانی هەڵبژاردنی دەبەسترێ، ئەمەش پەرلەمانی تورکیا دەکاتە پەرلەمانێکی فرە پارت. لەلایەکی دیکەوە فرە ڕەنگی و جیاوازی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی دۆخێکی هێناوەتە پێش کە زۆرێک لەچاودێران پێیان وایە ئەستەمە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە لەخولی یەکەمدا یەکلا ببێتەوە، بۆیە پێدەچێ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پێ بنێتە قۆناغی دوەمەوەو لەو قۆناغەدا براوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یەکلا ببێتەوە.
پشت بەست بەوەی باسکرا، لەمیانەی ئەم ڕاپۆرتە شیکاریەدا هەوڵدەدەین کۆمەڵێک پرس بوروژێنین بەو مەبەستەی بتوانین لەکۆتایدا وەڵامێکیان بۆ دەستبخەین، لەوانەش (بۆچی هەڵبژاردنەکانی تورکیا وادەکەیان پێشخرا، هۆکارەکانی چین؟ تا ئێستا لە تورکیادا چەند جار هەلبژاردنەکان پێشخراون؟ ڕێوشوین و تایبەتمەندییەکانی بەرێوەچونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی لە یەک کاتدا چۆنە؟ پارت و کاندیدە ڕکابەرەکان کێن و کامانەن؟ بەرنامەو ئەجێندایان چییە بۆ گۆڕانکاری دۆخی سیاسی و ئابوری تورکیا؟ پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و (سەڵاحەدین دەمیرتاش) چۆن خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادەکردوەو پلان و بەرنامەو خاڵی جیاوازیان چییە؟

پێشبینی چییە بۆ دەنگی پارتەکان و کاندیدەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی تورکیا؟ پێشبینی دەکرێ چەند پارتی سیاسی بگەنە پەرلەمانی تورکیا؟ چ کاندیدێکی سەرۆکایەتی چانسی زیاترە لەوانی دیکە؟ ئایا ئەکەپە دەتوانێ زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت؟ ئایا دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی تورکیا، لەسایەی هەمواری دەستوری، سیستەمی نوێی سەرۆکایەتی تورکیا چۆن دەسەڵاتەکان بەسەر دامەزراوەکانی (جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری..)دابەش دەکات؟. ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە لەم راپۆرتە شیکارییەدا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکەین.

## هەڵبژاردنی پێشوەختەی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨

پاش هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەكانی توركیا لەشەوی ١٣ ئازاری ٢٠١٨ لەپەرلەمانی توركیا بەسەرپەرشتی پارتی دادو گەشەپێدان (ئەكەپە) و پارتی نەتەوەپەرستی توركیا (مەهەپە)، یەک مانگ دواتر و لە رۆژی ١٧-٤-٢٠١٨ لەمیانەی كۆبونەوەیەكی نێوان سەرۆك كۆماری توركیا (رەجەب تەیب ئەردۆغان) و (دەوڵەت باخچەلی) سەرۆكی (مەهەپە)، پلانی هەڵبژاردنی پێشوەخت گفتوگۆی لەبارەوەكرا، لەدوای كۆبونەوەكە هەردولا بریاریاندا رێكەوتی ٢٤-٦-٢٠١٨ دەستنیشانبكەن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەتوركیا، ئەوەش پاش بەرێوەچونی رێكارە یاساییەكانی ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنەكان لە توركیادا.
رۆژێک دواتر، واتە رێكەوتی ١٨-٤-٢٠١٨ لای خۆیەوە (ئەردۆغان) وەک سەرۆک كۆماری توركیا بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختەی دەركرد. رۆژی ٢٠-٤-٢٠١٨ كۆمیسیۆنی دەستوری توركیا بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی (ئەكەپە و مەهەپە) بڕیارەكەیان پەسەندكردو پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمانی توركیایان كرد. دواتر لە رۆژی ٢١-٤-٢٠١٨ بە زۆرینەی دەنگی ٣٨٦ پەرلەمانتار پڕۆژە بڕیارەكەیان پەسندكرد.
بەم جۆرەش رۆژی ٢٤-٦-٢٠١٨ دەستنیشانكرا بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە لە سەرانسەری توركیا، رۆژی ١٥-٥-٢٠١٨ بەیەكەم رۆژی دەستپێكی بانگەشەی هەڵبژاردنەكان دەسنیشانكرا.

ئەم هەڵبژاردنە بە (هەڵبژاردنی سەپێندراو و زۆرەملێ) لەلایەن بەشێک لەپارتە بەرهەڵستكارەكانەوە ناوبرا، بەو پێیەی هەڵبژاردنی (سەرۆک كۆمارو هەڵبژاردنی پەرلەمانی توركیا) دەبوو لە ٣ تشرینی دووەمی ٢٠١٩دا ئەنجام بدرایە. بەڵام لەسەر خواستی هەردوو پارتی ئەكەپە و مەهەپە هەڵبژاردنەكان وادەكەیان پێشخرا.

## هۆكارەكانی پێشخستنی هەڵبژاردنەكان (پەرلەمانی و سەرۆكایەتی)

بێگومان هۆكارەكانی پشت پێشخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی توركیا، كۆمەڵی هۆكاری ئاشكراو نادیارن، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بەچەند خاڵێک ئاماژە بۆ دیارترین ئەو هۆكارانە بكەین:

١. ئەنجامەكانی ریفراندۆمە دەستورییەكەی ١٦ نیسانی ٢٠١٧ لەگەڵ ستراتیژەكەی ئەردۆغاندا یەكی گرتەوە، كە خۆی دەبینییەوە لە گۆرینی سیستەمی سیاسی توركیاو جێگیركردنی سیستەمی سەرۆكایەتی لەو وڵاتەدا. ئەردۆغان مەبەستی بوو بە شێوەیەكی شەرعی زۆرترین دەسەڵات لە دەستی خۆیدا كۆبكاتەوە، ئەوەش كە دەیخواست لەپاڵ هەموار كردنی ١٨ مادەی دەستوریدا بەدەستهێنا. دوای گەیشتن بەم ئامانجە، پێویست بوو هەرچی زووە ئەردۆغان ئەو دەسەڵاتانەی هەموارە دەستورییەكە بە سەرۆكی نوێی توركیای دەدات مومارەسەیان بكات. هەرچەندە ئەردۆغان لەپاڵ درێژكردنەوەی دۆخی باری نائاسایی توركیا لەدوای كودەتاكەی شەوی ١٥ تەموزی ٢٠١٦ توانیویەتی بەشێوەیەكی نافەرمی بەشێک لەو دەسەڵاتانە مومارەسە بكات كە هەموارە دەستوریەكە پێی بەخشیوە، بەڵام بە شێوەیەكی فەرمی تا هەڵبژاردنی

سەرۆکایەتی ئەنجام نەدرێت، ئەردۆغان یان هەر سەرۆکێکی دیکە ناتوانێت تەواوی دەسەڵاتەکانی سیستمی نوێی تورکیا مومارەسە بکات. لەبەر ئەم هۆکارە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی زیاتری پێ دەبەخشێت و بێگومان دەسەڵاتی فەرمی بۆ ئەردۆغان گونجاوترە لەو دەسەڵاتانەی کەلە سایەی درێژکردنەوەی باری نائاسایی تورکیادا بەدەستیان دەهێنێت.

بەو پێیەی دواین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ١٠-٨-٢٠١٤ ئەنجام درابوو، دەبوو هەڵبژاردنی ئایندەی سەرۆکایەتی تورکیا دوای ٥ ساڵ لە ٣-١١-٢٠١٩ ئەنجام بدرێت. ئەو بەروارە بۆ ئەردۆغان زۆر درێژتربوو لەو بەروارەی کە لەلایەن (دەوڵەت باخچەلی: سەرۆکی مەهەپە) بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە پێشنیارکرا، بە جۆرێک وادەی هەڵبژاردن رێگاکەی لە ١٧ مانگەوە بۆ ماوەی دوو مانگ کورت کردەوە. لەبەر ئەم هۆکارە ئەردۆغان راستەوخۆ لەکورترین ماوەدا پێشنیارەکەی سەرۆکی مەهەپەی پەسەندکردو بەبریاری پەرلەمان وادەی هەڵبژاردن پێشخرا. ئەمەش تەنها لەو پێناوەی ئەردۆغان لە کورترین ماوەدا بگات بەو ئامانجەی ساڵانێک بوو بەرنامەرێژی بۆ کردبوو. کەخۆی دەبینێتەوە لە سیستەمێکی سەرۆکایەتی خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز، لەبەرامبەر لابردنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی تورکیا و پێکهێنانی پەرلەمانێکی لاواز.

٢. لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەتایبەت (جەهەپەو هەدەپە) پێشختنی هەڵبژاردنیان بە پلانێکی پێشوەختەی (ئەکەپە و مەهەپە) لێکدایەوە، بەو پێیەی ئەم هەڵبژاردنە لەسەر پێشنیاری مەهەپە خرایە بەردەست پەرلەمان و سەرۆک کۆماری تورکیاو دواتر پەسەندکرا. مەهەپەش پاش جیابونەوەی باڵێکی، ترسی هەبوو نفوزی تا ساڵێکی دیکە زۆر کەمتر بێتەوە، بۆیە (دەوڵەت باخچەلی) سەرۆکی مەهەپە هەموو پشتیوانی و پشتگیرییەکی لەماوەی رابردودا بۆ ئەردۆغان دەربڕی. ئەوەش تەنها لەبەرامبەر رازیبونی ئەردۆغان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ مەهەپە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان.

بەو پێیەی پشت بەست بە هەمواری نوێی یاسای هەڵبژاردنەکانی تورکیادا مەهەپە تەنها بە هاوپەیمانێتی ئەکەپە گرەنتی گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا مسۆگەر دەکات. ئەوەش پاش ئەو ترسەی مەهەپە کە هەیبوو لەبەرامبەر ئەوەی ئەگەر بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداربێت لەهەڵبژاردنەکاندا لەوانە نییە بتوانێت بەربەستی ١٠٪ تێبپەرێنێت. بەو پێیەی هەمواری نوێی یاسای هەڵبژاردن هەر هاوپەیمانێتیەک بتوانێ ١٠٪ تێبپەرێنێ، پارتەکانی نیو هاوپەیمانێتیەکە دەتوانن بگەنە پەرلەمان ئەگەر رێژەی دەنگەکانی خۆشیان نەگەیشتبێتە ١٠٪ دەنگەکان.

هاوکات لایەنەکانی دیکە، تەنها دوو مانگیان لەبەر دەست بوو، ئەمەش کاتێکی کەمبوو بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدی سەرۆکایەتی و کاندیدانی لیستەکەیان بۆ پەرلەمان و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوپەیمانی و دارشتنی مانیفێست و بەرنامەی هەڵبژاردنیان. ئەوە جگە لەوەی لاوازی و پەرتەوازەیی بەرەی ئۆپۆزسیۆن و خۆ رێکنەخستنیان، باشترین دەرفەتە بۆ ئەکەپەو

مەهەپە تا بەر لەوەی ئۆپۆزسیۆن بەرەیەکی هاوبەش و بەهێز درووست بکەن، ئەوان بتوانن بردنەوەی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا مسۆگەر بکەن.

٣. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پێشخستنی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەو ترسە دەگەرێتەوە کە هەریەکە لە (ئەکەپە و مەهەپە) هەیانە دەربارەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیا، کە بەر لەهەڵبژاردنی (پەرلەمان و سەرۆکایەتی) ئەنجام دەدرا. پشت بەست بە ئەزمونی هەڵبژاردنە شارەوانیەکان هەمیشە ئەم دوپارتە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بەراورد بە هەڵبژاردنی پەرلەمان کەمتر دەنگ دەهێنن، بەتایبەتی لە باکوری کوردستان، هەربۆیە ئەم دوو پارتە نەیاندەویست بە ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانیەوە بچنە نێو کێبرکێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی تورکیا. لەبەر ئەم هۆیەش هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی تورکیایان خستە پێش وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە شارەوانیەکانی تورکیا.

٤. لەدوای خۆپیشاندانەکانی گەزی پارک لە ئەستەنبوڵ و دروستبونی دەنگی نارەزای بەرامبەر دەسەڵاتی ئەکەپە، لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە تا ئێستا دۆخی ئابوری تورکیا روەو داکشان ئاراستەی گرتوە. ئەوەی ئەم دۆخەی خراپترکرد هۆکاری روودانی چەند پێشهاتێک بوو لەوانەش (راگرتنی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەر لە تورکیادا، دواتر روودانی جەنگێکی نێوخۆی لەباکوری کوردستان، لێرەشەوە دۆخەکە سەری کێشت بۆ دەستێوەردانی داعش و گروپە توندرەوەکان و تێکچونی دۆخی ئاسایشی تورکیا، تا ئەنجامدانی کودەتا لەساڵی ٢٠١٥، لەوێشەوە بۆ خراپبونی زیاتر و زیاتری دۆخی ئەمنی تورکیاو دستگیرکردن و سزادانی سەدان هەزار کەس بە تۆمەتی پشتیوانی لە کودەتاو هاوکاریکردنی تیرۆر، داخستنی دەیان رۆژنامەو گۆڤار و تەلەفیزیۆن و دەستگیرکردنی هەزاران ئەندام و چالاکی سیاسی و رۆژنامەنوس لەو وڵاتەدا...) هەموو ئەو روداوانە لەماوەی پێنج ساڵدا کاریگەری سلبیان بەسەر ئابوری تورکیاوە بەجێهێشت. بەجۆرێک رێژەی بێکاری زۆر زیادی کرد، ژمارەیەکی زۆر وەبەرهێن و سەرمایەدار تورکیایان جێهێشت، بەهای لیرەی تورکی بە شێوەیەکی چاوەروان نەکراو لە دابەزیندا بەردەوامە. بۆ نمونە لە نیسانی ٢٠٠٨ بەهای دۆلارێکی ئەمریکی بەرامبەر بووە بە ١.٣٠ لیرەی تورکی، بەڵام دوای ١٠ ساڵ لە نیسانی ٢٠١٨ بەهای دۆلارێکی ئەمریکی بەرامبەرە بە ٤.٥٠ لیرەی تورکی، واتە نزیکەی چوار هێندەی رابردو بەهای لیرە دابەزیوە. هاوکات لە سەرەتای ئەمساڵەوە و لەم پێنج مانگەدا لیرەی تورکی ١٠٪ بەهاکەی لەدەستداوە، ئەمە شتێکە لە بارودۆخی ئاساییدا روونادات.

ئەم بارودۆخەی شڵەژاوەی ئابوری تورکیا لە ئێستادا زۆرینەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەی نیگەران کردووە. ئابوری ناسان پێشبینی ئەوە دەکەن کە کێشەی ئابوری و قەبارەی هەڵاوسان بەرزتربێتەوە، لە ئێستادا ئاستی هەڵئاوسان بۆ رێژەی ١٠.٩% بەرزبووەتەوە. کورتهێنانی دارایی بەرێژەی ٦% لە بە بەرهەمی ناوخۆ زیادی کردووە، هاوکات بەردەوامی قەیرانی

دابەزینی بەهای لیرە بەرامبەر دۆلار و زیادبونی ڕێژەی بێکاری بۆ ١٣% کە لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردودا وێنەی نەبووە.
لە ئێستادا سیاسەتەکانی حکومەت بەرامبەر ئەم کێشانە دەستەوەستانەو بەردەوامبونی ئەم کێشانە بوەتە ئەگەرێکی کراوەو پێشبینی کراو ئاسۆی چارەسەریان دیار نییە. لەبەر ئەم هۆکارەش لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە مانگی ١١ ساڵی ٢٠١٩ دا راستەوخۆ گورزی یەکەم بەر ئەردۆغان و ئەکەپەو هاوپەیمانەکەی (مەهەپە) دەکەوێت. بۆیە ئەردۆغان بە پێوستی زانی بەر لەگەیشتن بە ئەگەری روودانی ئەو پێشبینییەو خراپتربونی دۆخی ئابوری بتوانێت تەواوی دەسەڵاتەکانی بگرێتە دەست و هەرچی زووترە هەڵبژاردن ئەنجام بدات، هەر بۆیە باشترین کارت بۆ رێگری لەو پێشهاتە هەڵبژاردنی پێشوەختە بوو لە تورکیادا.

٥. دوا بەدوای ئۆپەرسیۆنەکانی تورکیا لە سوریا (درعی فورات و چڵە زەیتون لە عەفرین) و کۆتای هاتنی ئەم ئۆپەراسیۆنانە، ئەردۆغان دەخوازێ بەزوترین کات ئەو سەرکەوتنانەی لە سوریا بەدەستی هێناون بیانقۆزێتەوەو لەرێگایەوە جارێکی تر شەرعیەتی خۆی و پارتەکەی لەسەر تەختی دەسەڵاتی تورکیا نوێ بکاتەوە.
ئەردۆغان دوای داگیرکردنی عەفرین خۆی وەک سەرکردەیەکی پاڵەوانی تورکیا نیشان دەدات، دەخوازێ لەم هەڵبژاردنەدا لەرێی جوڵاندنی هەستی ئاینی و نەتەوەیی، زۆرترین دەنگی تورکە ئاینخوازو ناسیۆنالیستەکان بەلای خۆیدا رابکێشێ، بۆیە ئەردۆغان پێی وایە ئێستا کاتی چنینەوەی بەرهەمی ئەو ئۆپەراسیۆنانەیە، نەک ساڵێک و حەوت مانگی دیکە، چونکە ئاشکرایە بەتێپەربونی کات ئەم مەلەفە بۆ ئەردۆغان و پارتەکەی رووەو ساردبونەوە دەروات و هەستی هاوڵاتیانیش لەوبارەیەوە خاو دەبێتەوە. هەر بۆیە پێناچی بتوانن ساڵێکی دیکە هێندەی ئێستا سود لە بەکارهێنانی سەرکەوتنەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنانە ببینن لە کۆکردنەوەی دەنگی دەنگدەرە ناسیۆنالیت و ئاینخوازەکانی تورکیا.

٦. لەگەڵ جیابونەوەی (میراڵ ئاکشینار) لە مەهەپەو دروستکردنی (ئی پارت)، لەگەڵ ئەگەری خۆ کاندید کردنی (موحەرەم ئینجە) وەک کاندیدی جەهەپە، هەریەک لە دەوڵەت باخچەلی و ئەردۆغان ترسی ئەوەیان لێنیشت، کە بەتێپەربونی کات چانسی ئەم دوو کاندیدە لەروی جەماوەرییەوە زیاتر ببێت، بەتایبەت چانسی (ئیی پارت) کەزیاتر پشت دەبەستێ بە جەماوەری ناسیۆنالیستی تورکیا، کە بەشێکی زۆریان دەنگدەری (مەهەپەو ئەکەپە) بون لەرابردودا. بۆیە هەردولا پێیان وابوو پێش ئەوەی تەوژمی جەماوەری ئاکشینار و ئینجە تا کۆتاییەکانی ٢٠١٩ دا پەرەبستێنێت، واگونجاوە هەڵبژاردن لە زوترین کاتدا ئەنجام بدرێت، بەو پێیەی چیتر درێژبونەوەی کات لەبەرژەوەندی ئەواند نیە بەڵکو زۆرتر بەرژەوەندی نەیارەکانیاندایە.

## مێژوی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە تورکیا

پێشخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان لە تورکیادا کردەیەکی نامۆو بێ نمونە نییە، بەڵکو تورکیا خاوەن مێژوویەکی درێژە لەم بارەیەوە.
تورکیا لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٧-٢٠١٨ حەوت جار هەڵبژاردنی پێشوەختەی بەخۆیەوە بینیوە، لێرەدا بەکورتی ئامازەیان بۆ دەکەین:

### ١. هەڵبژاردنی پێشوەختەی ساڵی ١٩٥٧

ئەم هەڵبژاردنە یەکەم هەڵبژاردنی پێشوەختەی کۆماری تورکیا بوو، لەم هەڵبژاردنەدا پارتی دەسەڵاتدار (پارتی دیموکراتی) رێژەی دەنگەکان کەمی کرد بۆ رێژەی ٤٧٪، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٤دا رێژەی ٥٧٪ دەنگەکانی بەدەستهێنابوو.

### ٢. هەڵبژاردنی پێشوەختەی ساڵی ١٩٨٧

ئەم هەڵبژاردنە بەدووەم هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا دادەنرێت. لەم هەڵبژاردنەدا رێژەی دەنگەکانی پارتی دەسەڵاتدار (پارتی نیشتیمان) کەمی کرد بۆ رێژەی ٣٦٪ دەنگەکان، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٣دا رێژەی ٤٥٪ دەنگەکانی بەدەستهێنابوو.

### ٣. هەڵبژاردنی پێشوەختەی ساڵی ١٩٩١

ئەم هەڵبژاردنەش بەسێیەم هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا دەژمێردرێت. ئەم هەڵبژاردنە بووە هۆکاری شکستی پارتی دەسەڵاتدار (پارتی نیشتیمان) و لەدەستدانی دەسەڵات، بەجۆرێک رێژەی دەنگەکانی ٣٦٪ ساڵی ١٩٨٧ەوە کەمی کرد بۆ رێژەی ٢٤٪ دەنگەکان.
بەم جۆرەش دەسەڵات لە پارتی نیشتیمانەوە گواسترایەوە بۆ پارتی (رێگای بەهێز) کە توانی لەم هەڵبژاردنەدا رێژەی ٢٧٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت.

### ٤. هەڵبژاردنی پێشوەختەی ساڵی ١٩٩٥

ئەم هەڵبژاردنە بەچوارەم هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا دەژمێردرێت. ئەم هەڵبژاردنە بووە هۆی شکستی پارتی دەسەڵاتدار (پارتی رێگای بەهێز) و لەدەستدانی دەسەڵات، بەجۆرێک لەریزبەندی یەکەمی پارتەکانەوە گەیشتە ریزبەندی سێهەم و رێژەی دەنگەکانی کەمیکرد بۆ ١٩٪ دەنگەکان. لەبەرامبەردا پارتی (رەفا) توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و رێژەی ٢١٪ دەنگەکان مسۆگەر بکات.

### ٥. هەڵبژاردنی پێشوەختەی ساڵی ١٩٩٩

ئەم هەڵبژاردنە بەپێنجەم هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا دادەنرێت. لە هەڵبژاردنەدا پارتی دەسەڵاتدار (پارتی رەفا) پاشەکشەی کردو دەنگەکانی کەمی کرد بۆ رێژەی ١٥٪ دەنگەکان،

لەبەرامبەردا پارتی (چەپی دیموکراتی) لە پلەی یەکەمدا هات، کاتێک توانی ریژەی ٢٢٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێت.

### ٦. هەڵبژاردنی پێشوەختەی ساڵی ٢٠٠٢

ئەم هەڵبژاردنە بەشەشەمین هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا دەژمێردرێت. لەم هەڵبژاردنەدا (پارتی دادوگەشەپێدان- ئەکەپە) وەک پارتێکی نوێی تورکیا توانی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریبکات بەرابەرایەتی (عەبدوڵا گویل)، سەرئەنجام ئەکەپە توانی ببێتە براوەی یەکەم و رێژەی ٣٤٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێت، ئەمەش بەرامبەر بوو بە٣٦٣ کورسی پەرلەمانی لەکۆی ٥٥٠ کورسی پەرلەمانی تورکیا.

بەم شێوەیە ئەکەپە لەرێگەی هەڵبژاردنی پێشوەختەوە هاتە سەر حوکم لە تورکیا، لەوکاتەشەوە تا ئێستا ئەم پارتە کۆنترۆڵی کایەی سیاسی و حوکمرانی تورکیای کردووەوە لە چوار هەڵبژاردنی دواتری تورکیا لە ساڵەکانی (٢٠٠٧ و٢٠١١و دوو هەڵبژاردنی ٢٠١٥) سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو بەردەوام بووە لە حکومڕانیکردنی تورکیا.

### ٧. هەڵبژاردنی پێشوەختەی ساڵی ٢٠١٨

ئەم هەڵبژاردنە بەحەوتەمین هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا دەژمێردرێت. ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەهەڵبژاردنەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە لەیەک کاتدا هەردو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا بەرێوەچێت.

### چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی هەڵبژاردنەکان

- ✓ رۆژی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ لە تورکیادا پرۆسەی هەڵبژاردن بەرێوەدەچێت، بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بیست و حەوتەمین خولی پەرلەمانی تورکیا. لەپاڵ ئەم هەڵبژاردنەش، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا بەرێوە دەچێت، کە بۆ دووەمین جارە هاوڵاتیانی تورکیا لەرێگەی هەڵبژاردنی راستەخۆوە سەرۆک کۆماری تورکیا هەڵدەبژێرن، پاش یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا لە ١٠ ئابی ٢٠١٤دا.
- ✓ هاوڵاتیانی تورکیا لە یەک کاتدا دوو دەنگ دەدەن و هەردوو کارتەکە دەخەنە ناو زەرفێکەوەو دەنگی لەسەر دەدەن، دەنگێک بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانیان لە پەرلەمان، دەنگەکەی دیکە بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی دڵخوازیان بۆ سەرۆک کۆماری تورکیا.
- ✓ پرۆسەی هەڵبژاردنی تورکیا لەلایەن (لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان)ەوە بەرێوە دەچێت، پێکدێت ١١ ئەندام ( ٧ ئەندامی سەرەکی و ٤ ئەندامی یەدەگ).

- ✓ تورکیا لە ٨١ پاریزگا پێکهاتووەو دابەشکراوە بەسەر ٨٧ بازنەی هەڵبژاردندا. ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە لە ٣ بازنە پێک دێت، ئیزمیر و بۆرسە لە ٢ بازنە پێک دێت، پارێزگاکانی دیکە لە یەک بازنە پێک هاتوون.
- ✓ لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەدا ٨ پارتی سیاسی و ٦٨ کاندیدی سەربەخۆ کێبرکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ٦٠٠ کورسی پەرلەمان.
- ✓ لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا، ٦ کاندید کێبرکێ دەکەن بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆکی وڵات، لەدۆخیکدا ئەگەر هاتوو هیچ یەکێک لە کاندیدەکان نەیتوانی (٥٠+١) دەنگەکان بە دەست بهێنێت، ئەوا هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار پێ دەنێتە خولی دووەم.
لە خولی دووەمیشدا دوو کاندید کە خاوەن زۆرترین دەنگن، کێبرکێ دەکەن، هەر یەکێکیان توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، لە خولی دووەمدا ئەو بەبراوەی هەڵبژاردنەکە دەستنیشان دەکرێت. لە ناوخۆی تورکیادا ئەم خولە لە رێکەوتی ٨-٧-٢٠١٨ بەرێوەدەچێت. لە دەرەوەی وڵاتیش لە ماوەی پێنج رۆژ ٣٠-٦-٢٠١٨ بۆ ٤-٧-٢٠١٨ دەنگ دەدرێت.
- ✓ لە هەڵبژاردنەکاندا لە ناوخۆی تورکیا ٥٦ ملیۆن و ٣٤٢ هەزارو ٢٦٣ هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەیە. لە دەرەوەی تورکیا ٣ ملیۆن و ٤٩ هەزارو ٦٥ هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەیە، کە کۆی گشتییان دەکاتە ٥٩ ملیۆن و ٣٩١ هەزارو ٣٢٨ هاوڵاتی تورکیا.
- ✓ رێژەی بەربەستی هەڵبژاردنی تورکیا بۆ گەیشتن بە پەرلەمان بریتییە لە (١٠٪) دەنگەکان، واتە هەر پارتێکی سیاسی یاخود هاوپەیمانێتییەک پێویستە کۆی دەنگەکانی بگاتە رێژەی ١٠٪ دەنگەکان، ئەگەر نەتوانێت ئەو رێژە دەنگە مسۆگەر بکات، ئەوا چانسی گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا لەدەست دەدات.
- ✓ بەپێی ماددەکانی ١٥-٢٠ ی (چل و دوهەمین هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی تورکیا)، هەر هاوپەیمانێتییەکی هەڵبژاردن بتوانێت رێژەی بەربەستی ١٠٪ ببرێت، ئەوا پارتە سیاسییەکانی نێو هاوپەیمانێتییەکە کەخاوەن لیست و بەربژێری تایبەتی خۆیانن، ئەگەر رێژەی دەنگدانیشیان نەگاتە ١٠٪ دەنگەکان، ئەوا دەتوانن فراکسیۆنەکەیان بگەیەننە پەرلەمانی تورکیا.
- ✓ هەر پارتێکی سیاسی دەرەوەی هاوپەیمانێتییەکان ئەگەر نەیتوانی ١٠٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت، ئەوا دەنگەکانی لەسەر ئاستی بازنەکان بەسەر پارتە براوەکاندا دابەش دەکرێت، لەم حاڵەتەشدا هەر پارتێک لەسەر ئاستی بازنەیەک لەپلەی یەکەمدا بێت، سودمەندی یەکەمی ئەم دابەشکارییە دەبێت.
- ✓ سیستەمی هەڵبژاردنی تورکیا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییە و پەیرەوی لە لیستی داخراو دەکات. واتە دەنگدەر لە یەك خولی هەڵبژاردندا تەنها دەنگ بە لیست یاخود کاندیدی سەربەخۆ دەدات. دواتر دەنگی لایەنەکان بە پێی شێوازی (هۆندت) دابەش دەکرێت بەسەر کورسیەکانی پەرلەماندا.
- ✓ لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا هەر پارتێکی سیاسی لە هەڵبژاردندا بتوانێت ٣٠١ کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، دەتوانێت حکومەتی زۆرینە دروست بکات.

- ✓ هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێنج ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت لە تورکیادا. ماوەی ئەم خولەی پەرلەمان لەساڵی ٢٠٢٣ دا کۆتای پێدێت. هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا ٥ ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت، واتە سەرۆک کۆماری نوێی تورکیا تا ٢٠٢٣ لەسەر کاردەبێت و دەتوانی بۆ خولێکی دیکەش خۆی هەڵبژێرێتەوە.
- ✓ پاڵێوراوی پەرلەمان پێویستە تەمەنی ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵگری بروانامەی زانکۆ بێت.
- ✓ لەناو تورکیادا (١٨٠١٩٦) وێستگەی دەنگدان ئامادەکراون بۆ دەنگدانی هاوڵاتیانی تورکیا.
- ✓ لەدەرەوەی تورکیاش ١٢٣ نوێنەرایەتی لە ٦٠ وڵات سندوق دادەندرێت و دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات دەتوانن لە ماوەی ١٣ رۆژ لە رێککەوتی ٧ تا ١٩ی حوزەیران دەنگ بدەن. هەروەها هاووڵاتیانی تۆمار لیستی دەنگدەری دەرەوەی وڵات دەتوانن لە ٣٦ دەروازەی گومرگ دەنگ بدەن.
- ✓ رۆژی ٧ حوزەیران، دەست دەکرێ بە پرۆسەی دەنگدان لە دەروازە گومرگییەکان و دەرەوەی تورکیا.
- ✓ رۆژی ١٤ حوزەیران، پڕوپاگاندەی هەڵبژاردن و چەند قەدەغەکردنێکی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردن دەستپێدەکات.
- ✓ رۆژی ١٩ حوزەیران، پرۆسەی دەنگدان لە دەرەوەی تورکیا کۆتایی دێت.
- ✓ رۆژی ٢٣ حوزەیران، پروپاگەندەی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە کۆتایی دێت.
- ✓ لە تەواوی ناوخۆی وڵاتدا، کاتەکانی دەنگدان لە کاتژمێر ٨ سەرلەبەیانی دەست پێدەکات و تا کاتژمێر ٥ سەر لەئێوارە بەردەوام دەبێت.
- ✓ بۆ یەکەمجار لەم هەڵبژاردنانەدا لە ٧٠٢ شارۆچکەدا هەزارو ١٢٧ سندوقی دەنگدان دادەنێن بۆ ئەوانەی بە هۆی نەخۆشی و کەمئەندامی یەوە لە جێگەدان تا بتوانن دەنگەکانیان بدەن.
- ✓ خولەی پەرلەمانی تورکیا پشت بەست بە هەمواری ١٨ ماددەی دەستوری لە ریفراندۆمەکەی ١٦ نیسانی ٢٠١٧، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە ٥٥٠ کورسییەوە بۆ ٦٠٠ کورسی پەرلەمان زیادکراوە. پارتە رێگاپێدراوەکانیش دەتوانن بۆ سەرجەمی٦٠٠ کورسییەکەی پەرلەمان کاندیدی خۆیان هەبێت.
- ✓ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، رێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی بۆ هەڵبژاردنەکان بەپێی پارێزگاکان دیاریکردووە. لەو ٦٠٠ کورسییەی پەرلەمان، باکوری کوردستان ١٣١ کورسی دەبێت لە پەرلەمانی تورکیادا .

بەپێی نەخشەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، کورسییەکانی پارێزگاکانی باکووری کوردستان بەمشێوەیە دابەشدەکرێن

| ز | ناوی پارێزگا | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|
| ١ | ئادییامان (سەمسوور) | ٥ |
| ٢ | مەلەتیا | ٦ |
| ٣ | قارەمان ماراش (گومگوم) | ٨ |
| ٤ | دیلۆک (عەنتاب) | ١٤ |
| ٥ | رۆحا (ئورفە) | ١٤ |
| ٦ | خارپێت (ئێلازیغ) | ٥ |
| ٧ | ئامەد (دیاربەکر) | ١٢ |
| ٨ | مێردین | ٦ |
| ٩ | سێرت | ٣ |
| ١٠ | باتمان (ئێلیە) | ٥ |
| ١١ | بەدلیس | ٣ |
| ١٢ | مووش | ٤ |
| ١٣ | چەولیگ | ٣ |
| ١٤ | دەرسیم | ٢ |
| ١٥ | سێواس | ٥ |
| ١٦ | ئەرزنجان | ٢ |
| ١٧ | ئەرزڕۆم | ٦ |
| ١٨ | قارس | ٣ |
| ١٩ | ئاگری | ٤ |
| ٢٠ | ئیغدیر | ٢ |
| ٢١ | ئەردەخان | ٢ |
| ٢٢ | وان | ٨ |
| ٢٤ | جۆلەمێرگ | ٣ |
| ٢٤ | شڕناخ | ٤ |
| ٢٥ | کلیس | ٢ |

بەم جۆرەش پاش زیادبونی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیا، ژمارەی پەرلەمانتارانی باکوری کوردستانیش لە پەرلەمانی تورکیا زیاد دەبێ ، واتە لەو ٥٠ کورسییە زیادبووە، ٧ کورسی بەر پارێزگاکانی باکووری کوردستان دەکەوێ بەم جۆرە:

| ز | ناوی پارێزگا | ژمارەی کورسی پێشوو | ژمارەی کورسی ئێستا | ژمارەی کورسی زیادکراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دیلۆک (عەنتاب) | ١٢ | ١٤ | ٢ |
| ٢ | رۆحا (ئورفە) | ١٢ | ١٤ | ٢ |
| ٣ | ئامەد (دیاربەکر) | ١١ | ١٢ | ١ |
| ٤ | خارپێت (ئەلازیغ) | ٤ | ٥ | ١ |
| ٥ | ئاگری | ٤ | ٥ | ١ |

### پارتە بەشدارەکان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیادا

بەپێی بڕیاری دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا، بۆ هەڵبژاردنی بیست و حەوتەمین خولی پەرلەمانی ئەو وڵاتە، رێگە دراوە بە ٨ پارتی سیاسی و ٦٨ کاندیدی سەربەخۆ تاوەکو بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەو وڵاتە بکەن و کێبڕکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی زۆرینەی هاوڵاتیان بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا.

ئەو ٨ پارتەی کە لەلایەن دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا رێگەپێدراوی هەڵبژاردنەکانن بریتین لە هەریەک لە پارتەکانی (پارتی داد و گەشەپێدان: ئەکەپە، پارتی گەلی کۆماری: جەهەپە، پارتی دیموکراتی گەلان: هەدەپە، پارتی دۆزی ئازاد: هودا پار، پارتی باش (چاک) ئیی پارتی، پارتی بزوتنەوەی نەتەوە پەرست: مەهەپە ، پارتی سەعادەت و پارتی وەتەن: نیشتیمان).




**لۆگۆی پارتە سیاسییە بەشدارەکان لە هەڵبژاردنەکەی ٢٤ حوزەیرانی تورکیا**

خاڵێکی دیکە کە لەم هەڵبژاردنەدا شیاوی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە کە بۆ یەکەمینجارە لە مێژویی سیاسیی تورکیادا بەشێک لەپارتە سیاسییەکان بە هاوپەیمانی دەچنە هەڵبژاردنەکەوە . بەنمونە هەریەک لە (ئەکەپە و مەهەپە) بە "هاوپەیمانی کۆماری" بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هەریەکە لە پارتەکانی (جەهەپە، ئیی پارتی، پارتی سەعادەت) بە "هاوپەیمانی گەل: میللەت" بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەکەن. هەریەک لەو پارتانەی کە لەنێو دوو هاوپەیمانیەکەدا کۆبونەوە، بە جیاجیا لیستی کاندیدی پەرلەمانتارانیان پێشکەش بە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا کردووە. بەڵام پارتێکی وەک (بەبەپە) کە پشتیوانی لە "هاوپەیمانی کۆماری" دەکات لەسەر لیستی ئاك پارتی کاندیدەکانی بۆ پەرلەمان خستوەتە روو. هەردوو هاوپەیمانێتییەکە تایبەت بە بەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا دروستکراون، نەک هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار.


ئەوەی لەو نێوانەدا بووەتە جێی سەرنجی چاودێران، ئەوەیە کە سێهەم گەورەترین پارت لە پەرلەمانی تورکیا، (پارتی دیموکراتی گەلان: هەدەپە) نەچووەتە نێو ریزی هیچ یەکێک لە هاوپەیمانێتیەکان. (فیلیز کەرەستەجی ئۆغلو)، بریکاری سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە لەمبارەوە رایگەیاندووە کە هەردوو هاوپەیمانێتیەکە بونەتە هاوپەیمانی راست رەوەکان بەرامبەر یەکدی، ئەوانیش وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئاراستەی چەپ، ئامادە نابن بچنە هیچ یەکێک لەو هاوپەیمانێتیانە. بەڵام لەبارەی هاوپەیمانێتی بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەوەی

گوتەبێژی هەدەپە (ئەیهان بیلگەن) ئەوەی نەشاردوەتەوە کە ئەکرێ لەو کاتەدا بریارێکی دیکە بدەن.

دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، ریزبەندیی پارت و قەوارە سیاسی و هاوپەمانییەتییەکانی بۆ هەڵبژاردنە پێشوەختەکە بەم جۆرە دیاری کردووە:

- (هاوپەیمانیی کۆمار) ریزبەندی یەکەم (ئەکەپە و مەهەپە).
- هودا پار ریزبەندی دووەم.
- پارتی وەتەن ریزبەندی سێیەم.
- هەدەپە ریزبەندی چوارەم.
- (هاوپەیمانیی گەل) ریزبەندی پێنجەم کە دواین ریزبەندییە (جەهەپە، سەعادەت، ئیی پارت).

**نمونەیەک لە کارتی دەنگدانی پارتەکان بۆ پەرلەمانی تورکیا**




### کاندیدە رکابەرەکانی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا

پاش ئەنجامدانی ریفراندۆمی دەستوری لە رێکەوتی ١٦ نیسانی ٢٠١٧ و پەسەندکردنی ئەنجامەکان، بریاردرا وادەی جێبەجێکردنی سیستەمی سەرۆکایەتی بکەوێتە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئایندەی تورکیا.

بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لە ٢٤ حوزەیران، ٦ کەس خۆیان بەربژێرکردووە بۆ کێبرکێ کردن لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا کە پێک هاتون لە (پێنج پیاو و ئافرەتێک). سیان لە کاندیدەکان لەپەرلەماندا نوێنەریان هەیە، سیان لە کاندیدەکانیش کە نوێنەری هەرسێ پارتی (باش و سەعادەت و وەتەنن) بەو پێیەی وەک پارتی سیاسی لە پەرلەماندا نوێنەریان نەبوو، پێویست بوو بە پێی یاسای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار ١٠٠ هەزار واژۆ کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی ببنە بەربژێر بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری تورکیا.

کاندیدەکانی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بریتین لە:

١. (رەجەب تەیب ئەردۆغان) کاندیدی هاوبەشی ئەکەپەو مەهەپە.
٢. (موحەڕەم ئینجە) کاندیدی جەهەپە.
٣. (سەلاحەدین دەمیرتاش) کاندیدی هەدەپەو پێنج پارتی باکوری کوردستان کە پێکهاتوون لە (پارتی ئازادی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان-باکوور، تەڤگەری ئازادی و پلاتفۆرمی دیموکراتی کوردستان) و پارتە چەپەکانی تورکیا.
٤. (میراڵ ئاکشینار) کاندیدی ئیی پارت
٥. (تەمەل کارامۆڵا ئۆغلو) کاندیدی پارتی سەعادەت.
٦. (دۆغۆ بەرینچەک) کاندیدی پارتی وەتەن.




**نمونەیەک لە کارتی دەنگدان بۆ کاندیدە رکابەرەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا**

لێرەدا خاڵێک شیاوی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە (سەڵاحەدین دەمیرتاش) بەربژێری هەدەپە، هێشتا لە زینداندایەو ناتوانێت هاوتای بەربژێرەکانی دیکە بەشداری لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بکات کە لە ١٥-٥-٢٠١٨ ەوە بانگەشەکان دەستیان پێکردووە.
هەرچەندە پارتی دیموکراتی گەلان و پارێزەرەکانی دەمیرتاش چەند جارێک لە رێی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە داوای ئازادکردنی (دەمیرتاش)یان کردووە. بەڵام دادگای تورکیا رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی دەرنەبڕی.

### ناسنامەی بەربژێرەکانی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا

## ١. رەجەب تەیب ئەردۆغان (پارتی دادو گەشەپێدان: ئەکەپە)

رەجەب تەیب ئەردۆغان لە دایکبوی ٢٦ی شوباتی ١٩٥٤ لە ئەستەنبوڵ، لە ئێستادا تەمەنی ٦٤ ساڵە. ئەردۆغان لە زانکۆی مەرمەرە بەشی زانستە ئابوری و بازرگانییەکانی خوێندووەو لە ساڵی ١٩٨١ دا زانکۆی تەواوکردووە[١]. ئەردۆغان لە کۆتایی حەفتاکاندا دەستیکردوە بەکاری سیاسی و پەیوەندی بە پارتی رزگاری نیشتمانیەوە کردوە بەرابەرایەتی (نەجمەدین ئەربەکان). لەدوای کودەتا سەربازییەکەی (کەنعان ئێڤرن) لە ساڵی ١٩٨٠ زۆرینەی پارتە ئیسلامیەکان هەڵوەشێندرانەوەو کاری سیاسیان لێ یاساغ کرا. لە ساڵی ١٩٨٣جارێکی دیکە رێگەدرایەوە بە کاری سیاسی و پارتایەتی بەشێک لە پارتەکان، هەر لەو ساڵەدا ئەردۆغان پەیوەندی کرد پارتی ڕەفاوە.
لە ساڵی ١٩٩٤ پارتی ڕەفا ئەردۆغانی پاڵاوت بۆ پۆستی سەرۆک شارەوانی ئەستەنبوڵ، پارتەکەی ئەردۆغان توانی ئەو هەڵبژارنە بباتەوە، بەم جۆرەش ئەردۆغان لە ٢٤ ئازاری ١٩٩٤ وەکو سەرۆک شارەوانی ئەستەنبوڵ هەڵبژێررا. ئەردۆغان لە ساڵەکانی ١٩٩٤ تا ساڵی ١٩٩٨ وەک سەرۆک شارەوانی ئەستەنبوڵ دەستبەکاربوو. لەوکاتەدا توانی بەشێکی زۆری کێشەو گرفتە خزمەتگوزارییەکانی ئەستەنبوڵ چارەسەر بکات، لەوانە کێشەی پیسبوونی ژینگە و کەمی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و غاز و کێشەی ترافیک.
ئەردۆغان لە ساڵی ١٩٩٨ لە پارێزگای سێرت بەهۆی خوێندنەوەی پارچە هۆنراوەیەکی ئاینی لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری سزادرا، ئەوەش بە لابردنی لە پۆستەکەی و سزای دە مانگ زیندانی و قەدەغەکردنی کاری سیاسی بۆ ماوەی چوار ساڵ.

---

١ پرسی بروانامەی ئەردۆغان لە تورکیادا یەکێکە لەو پرسانەی زۆرترین جەدەل و قسەو باسی لەبارەوە دەکرێت و تا ئێستاش ئەو بابەتە یەکلا نەبوەتەوە. سەڵاحەدین دەمیرتاش یەکێکە لەو کەسانەی کە پێی وایە ئەردۆغان هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆس نییە، بەم پێیەیش مافی نییە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری وڵات کاندیدی بکات، دەمیرتاش دەڵێت "ئەردۆغان نە زانکۆکەی، نە بڕوانامەکەیو نە هاوڕێیانی زانکۆی، بوونیان نییە"، بەو پێیەی ئەو بەشەی ئەردۆغان لە ژیان نامەکەیدا باسی دەکات لەساڵی ١٩٨٢ لەزانکۆی مەرمەرەدا کراوەتەوە، ئەی ئەگەر وابێت ئەردۆغان چۆن ساڵی ١٩٨١ ئەو بەشەی تەواوکردووە؟. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت ئەوەی لەبارەی بروانامەی زانکۆی ئەردۆغانەوە دەوترێت تەنها قسەیەو بەڵگەیەک نییە لەبارەیەوە.

پاش ڕاگرتنی (پارتی فەزیلە)، ئەردۆغان لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامەکانی ئەو پارتە لەوانە (عەبدوڵلا گویل) پارتی داد و گەشەپێدانیان لە ساڵی ٢٠٠١دا دامەزراند. لە هەڵبژرادنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ دا پارتەکەی ئەردۆغان توانی ٣٦٣ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت و ببێتە پارتی یەکەم لە تورکیادا، بەم ئەنجامەش پارتی دادو گەشەپێدان توانی حکومەت بەتەنها پێکبهێنێت.
ئەرۆغان لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٣ پاش تەوابونی سزای سیاسی، بوو بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ئەردۆغان لەو پۆستەدا مایەوە تا ساڵی ٢٠١٤. دواتر لەیەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا، لە ٢٨ ئۆگەستی ٢٠١٤ بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی خەڵک و دوازدەیەمین سەرۆک کۆماری تورکیا.
ئەردۆغان سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیاو سەرۆکی ئەکەپەو بەربژێری هاوپەیمانێتی کۆمار بۆ سەرۆکایەتی کۆماری داهاتووی تورکیا لە هەڵبژاردنەکەی ٢٤ی حوزەیراندا. ئامانجی ئەردۆغان لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگی هاولاتیانی تورکیایە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردانەکاندا. لە ئێستاشدا بەهێزترین کاندیدە بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە.
ئەردۆغان و پارتەکەی لەم هەڵبژاردنەدا دروشمی **(کات کاتی تورکیایە)** یان بەرزکردوەتەوە، بەرنامەی هەڵبژاردنیشیان بە درووشمی **(ئەگەر بکرێت ئەوا دیسان ئاک پارتی دەیکات)** دەست پێدەکات. دەربارەی ئامانج وپلانی هەڵبژاردنەکانی خودی خۆی و پارتەکەی ئەردۆغان دەڵیت "ئامانجمان ئەوەیە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار بەڕێژەیەکی زۆر لەسەروی ٥٠٪ دەنگ بهێنین و هەردو هەڵبژاردنەکە بەرینەوە. هەروەها دەشڵێ "ئامانجی نوێمان راکێشانی سەرنجی ئەو وڵاتانەیە بۆ وڵاتەکەمان کە داهاتیان بەرزە."
دەربارەی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن ئەردۆغان بەڵێنی داوە تورکیا لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی، زانیاریی و گەیاندن، وزە، پیشەسازیی سەربازیی، گواستنەوە، لۆجستیی و بازرگانییدا لەرێگەی بەرهەمی خۆماڵی و نیشتمانییەوە بکاتە وڵاتێک کە ببێتە ناوەندی بۆ راکێشانی وڵاتان، بەجۆرێک تورکیا تەنها بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانییەوە ناوەستێت، بەڵکو دەچێتە ریزی ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین بەرهەم هەناردە دەکەن. هەروەها بەڵێن دەدات تورکیا بگاتە بەرزترین ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی، لەلایەکی دیکەوە بەڵێن دەدات رێژەی بەشداریی ژنان بە پشتبەستن بە هێزی کاریان، لە کۆتایی ٢٠٢٣دا بۆ لەسەروو ٤٠٪ بەرز بکاتەوە" دواجار بەڵێن دەدات دوای هەڵبژاردنی ٢٤ حوزەیران درێژە بدات بە بەرەنگاربونەوەی سێ دیاردە، ئەوانیش هەریەک لە "قەدەغەکراوەکان، هەژاری و گەندەڵی ".
دەربارەی کێشەی کورد ئەردۆغان لەمیانی پێشکەشکردنی وتارێک لە (ئامەد) دیاربەکرد لە رێکەوتی ٣ حوزەیران ڕایگەیاند "سەردەمێک لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێیانماندا سەرقاڵی کێشەی کورد بووین، چارەسەرمان کرد. ئیتر لە ساڵی ٢٠١٨دا کێشەیەک بەناوی کێشەی کورد لە تورکیا بوونی نییە. ئێستا لە تورکیادا هیچ کەسێک کێشەیەک نابینێت، تاکە کێشە کە هەمانبێت، کێشەی تیرۆرە. ئیتر ئەویش چارەسەر دەکەین. بەسەر ئەویشا سەرکەوتوو دەبین". لەم چوارچێوەیەشدا بەڵێن دەدات هاوشێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی (درعی فورات و چڵە زەیتون) لەخۆرئاوای کوردستان، چەند

ئۆپەراسیۆنێک لە باشوری کوردستان لە سنوری (شەنگال و مەخمور و قەندیل) دژی (پەکەکە) ئەنجام بدات، ئەوەش بە وتەی خۆیان " بەمەبەستی لەبنهێنان و ریشەکێشکردنی هەرەشەی تیرۆر دژ بە تورکیا" .

## ٢. موحەڕەم ئینجە (پارتی گەلی کۆماری: جەهەپە)

موحەڕەم ئینجە لەدایک بوی ساڵی ١٩٦٤ لە ویلایەتی لۆڤا، لە ئێستادا تەمەنی ٥٣ ساڵە. ئینجە خاوەنی بروانامەی باڵایە لەبواری زانستی فیزیا و لەوبوارەشدا وەک مامۆستا ساڵانێکی زۆر لە تورکیادا خزمەتی کردووە. موحەڕەم ئینجە یەکێکە لەکادیرە دیارو ناسراوەکانی جەهەپە لەسەر ئاستی ناوخۆی حزبەکەی لەساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٦ تاکە کاندیدی رکابەری سەرۆکی پارتی جەهەپە (کەمال کلێچدار ئۆغلۆ) بووە بۆ سەرۆکایەتی پارتەکەی. لەچوار خولی رابردوی پەرلەمانی تورکیا (٢٠٠٢-٢٠٠٧-٢٠١١-٢٠١٥) لەشوێنی لەدایک بونی خۆی وەک کاندیدی جەهەپە بوەتە پەرلەمانتار. لەناو پارتەکەیدا ئینجە بەیەکێک لە شوێنکەوتوەکانی ئەتاتورک ناسراوە، هاوکات بە عیلمانیەکی میانڕەویش دەناسرێتەوە، ئەوەش لەبەر هەڵوێستەکانی رابردوی، لەنمونەی هەڵوێستەکانی دژ بە (قەدەغەکردنی باڵا پۆشی لە تورکیا). لە پەرلەمانی تورکیاش ئینجە بەوە ناسراوە کە دیارترین کەسایەتی پارتەکەیەتی هەم لەروی کاری پەرلەمانیەوە، هەم لەروی توانای گفتوگۆ و زمان پاراوی لەکاتی گفتوگۆکانی یاساو بریارەکانی پەرلەماندا.

موحەرەم ئینجە لە ئێستادا کاندیدی پارتی گەلی کۆماری و گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیایە. ئینجە خاوەن بنکەیەکی جەماوەری بەهێزە لەنێو دەنگدەرە موحافیزکارو چەپرەوەکانی تورکیا. بەهۆی هەڵوێست توندەکانی دژ بە ئەردۆغان و سیاسەتەکانی ئەکەپە. لەبەر ئەمەش زۆرێک لە چاودێران پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئینجە یەکەم کاندیدی رکابەری ئەردۆغان دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا. لە دیارترین دروشمەکانی موحەرەم ئینجە **" دەبمە سەرۆک کۆمارێکی بێلایەن بۆ هەمووان".**

لە دیارترین بەڵێنەکانی موحەڕەم ئینجە، ئەگەر ببێتە سەرۆک کۆمار کار دەکات بۆ:

- ✓ فرۆشتنی کۆشکی کۆماری، ئەو کۆشکەی ئەردۆغان دروستیکردووە، لە حاڵەتی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا.
- ✓ جیاکردنەوەی هێز لە دەسەڵات لەژێر سایەی پەرلەماندا، گەڕاندنەوەی بڕیارەکان بۆ پەرلەمان.
- ✓ مافی سەرەتای ئازادی دەبێت، ئازادی ڕاگەیاندن بڕیاری سەرەکی دەبێت.
- ✓ بە پشتبەستن بە وەبەرهێنان، ئابووریەکی باشتر بۆ وڵات وەبەردەهێنێت.
- ✓ بانکە گشتیەکان لەژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتدا دەهێنرێتە دەرەوە.
- ✓ پەروەردە بە دوو پلە بەرەوپێشەوە دەبەن و ڕێگە نادەن زانکۆکان دابەشبکرێن.
- ✓ هەموو هاوڵاتیەکی تورک هەتا تەمەنی ١٨ ساڵی بە بێبەرامبەر لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان سودمەند دەبێت.

✓ تورکیا دەکەنە وڵاتێک تایبێتە سەرچاوەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بۆ هەموو ئەوروپا.

لەلایەکی دیکەوە (موحەرەم ئینجە) دەربارەی پرسی کورد لە تورکیادا لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمزی ئەمریکی، بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدات و دەڵێت" پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت". ئینجە بە پێچەوانەی پارتەکەیەوە هەوڵدەدات خۆی لە کوردانی تورکیا نزیک بکاتەوە. لە میانەی چاوپێکەوتنێکی (بی بی سی تورکی) موحەڕەم ئینجە دەربارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیادا دەڵی "ئەم بابەتە دەبەینە پەرلەمان و پێویستە لەوێ هەنگاوی بوێرانە بنێین و چارەسەری ئەو پرسە بکەین. ئەگەر بە تانیاش بمێنینەوە پێویستە ئەوەی ڕاستە ئەوە بکەین. ماوەی ٤٠ ساڵە دۆخی شەڕ و پێکدادان لە ناوچە کوردییەکاندا هەیە. پێویستە ئیدی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، هاوکات من لە بابەتی لابردنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی هەدەپە دژی دەسەڵات و تەنانەت دژی پارتەکەی خۆم وەستامەوە. من ئەوەی کە باوەڕم پێبووە کردوومە. بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کوردەکان ئەو کارەم نەکردوە. سیاسەت کارێکە پێویستی بە پرەنسیپە."
یەکێک لەو هەوڵانەی ئینجە کە لەم نێوانەدا داویەتی بریتییە لە سەردانیکردنی (دەمیرتاش) لە ڕێکەتی ٩-٥-٢٠١٨، لەزیندانی ئەدرنە و داواکردن بۆ ئازدکردنی دەمیرتاش[٢]. هەرچەندە ئەم سەردانەی ئینجە لەم کاتەدا وەک هەوڵدان بۆ بانگەشەی تایبەت و راکێشانی دەنگی کوردەکان لێکدرایەوە، بەڵام لەبەرامبەردا هەندێکی دیکە لە چاودێران سەردانەکەی ئینجەیان بۆلای دەمیرتاش بە ئیجابی وەسفکرد.
لەم بارەیەوە (ئیحسان چارالان) نووسەر لە ڕۆژنامەی ئێڤرێنسێل دەڵی "ئینجە نوێنەرایەتی باڵی نەتەوە پەرستی نێو جەهەپە دەکات، لەبەر ئەوەش ناتوانێت لەو ڕێڕەوەی خۆی لابدات. بۆیە زۆر قورسە ئینجە بتوانێت ئەو پەیمانەی بە کوردەکانی دەدات بیباتە سەر، دواجار ئەو بە یەک چاو تەماشای هەموو پێکهاتەکانی تورکیا دەکات". جارالان پێشی وایە لەدۆخی مانەوەی ئینجە بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان، ئەستەمە کوردەکان دەنگی خۆیان بە کاندیدێکی وەک موحەرەم ئینجە بدەن.

---

[٢] جگە لە موحەرەم ئینجە هەریەک لە (میراڵ ئاکشنار و تەمەل کەرەموڵلا ئۆغلۆ)ش، داوای ئازادکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاشیان کردووە.

### ٣. سەلاحەدین دەمیرتاش ( پارتی دیموکراتی گەلان: هەدەپە)

دەمیرتاش لە ١٠ ی نیسانی ساڵی ١٩٧٣ لە شارۆچکەی (پالو)ی سەر بەشاری (ئێلازێخ)ی سەر بە پارێزگای خارپێتی باکوری کوردستان هاتوەتە دونیاوە. دەمیرتاش لە ئێستادا تەمەنی ٤٥ ساڵە.
دەمیرتاش کوردی زازایە، خاوەن بروانامەی یاساییە لە زانکۆی ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٩٥، دوای دەرچونی لە زانکۆ راستەوخۆ دەستیکردووە بە کاری پارێزەرایەتی.
دەمیرتاش لە ساڵی (٢٠٠٠) لەگەڵ عوسمان بایدەمیر و کۆمەڵێک یاساناس و چالاکی مافی مرۆڤ، لە بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی مافی مرۆڤدا بووە و بەدواداچوونی بۆ سەدان دۆسیەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە باکووری کوردستان. پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٤ ، بایدەمیر بۆتە شارەداری گەورەی شاری ئامەد، دەمیرتاش جێی ناوبراوی لە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤدا گرتۆتەوە. لە هەمان کاتدا بوەتە یەکێك لە بەڕێوەبەرانی وەقفی مافی مرۆڤی تورکیاو ئەندامی ئۆفیسی رێکخراوی نێونەتەوەیی (عاف).
دەمیرتاش پاش داخرانی (پارتی کۆمەڵگای دیموکرات: دەتەپە) کە (نورەدین دەمیرتاش)ی برای سەرۆکی بوو، لێرەوە بریاریدا بێتە ناو کاری سیاسی و پەیوەندی بە (پارتی ئاشتی و دیموکراسی: بەدەپە) ەوە کرد، لە کۆنگرەی ساڵی ٢٠١٠ی بەدەپەدا وەک هاوسەرۆکی بەدەپە هەڵبژێردرا.
ناوبراو بە هۆی بەشداری لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی (ڕۆژ تیڤی) لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینیدا، بە تۆمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە، بە دە مانگ زیندانی مەحکوم کرا. دواتر بە بریاری دادگای تێهەڵچونەوە ئازادکراو دادگا بریاریشیدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەژێر چاودێریدا بێت.
سەلاحەدین دەمیرتاش لە ساڵی ٢٠٠٧ی زاییندا لە جێگەی خەتیب دیجلە، لە ئامەد وەک کاندیدی سەربەخۆ لە لیستی دەتەپە کاندیدکراو لە تەمەنی ٣٤ ساڵیدا وەک نوێنەری ئەو شارە بوو بە پەرلەمانتار لە پارلەمانی تورکیا. دەمیرتاش لەو ساڵانەدا وەک جێگری بەرپرسی فراکسیۆنی دەتەپە لە پەرلەمانی تورکیا درێژەی بە سیاسەت دەدا، بەڵام بە داخرانی پارتەکەی لە بەهاری ٢٠٠٩ ، پەیوەندی کرد بە دەتەپەوە.
دواتر پاش داخستنی دەتەپە، لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی بەدەپەدا بە وەک یەکەم سەرۆکی ئەو پارتە هەڵبژێردرا. ناوبراو لە ٢٠١١ بۆ جاری دووەم، لەگەڵ (گوڵتەن کشاناک)، جارێکی تر وەک هاوسەرۆکی بەدەپە هەڵبژێردرایەوە.
لە ساڵی ٢٠١١ دەمیرتاش وەک یەکێک لە بەربژێرانی بەرەی ڕەنج، ئازادی و دیموکراسی، لە جۆلەمێرگ خۆی کاندیدکردو بۆ دووەم جار وەک پارلەمانتار هەڵبژێردرا. دەمیرتاش لەوبەرەوارە بەدواوە بەشێوەیەکی دیار دەرکەوت و ڕۆڵی چالاکانەی لە وتووێژەکانی ناسراو بە قۆناغی ئۆسلۆ، ڕەوتی ئاشتی، کۆمەڵکوژی ڕۆبۆسکی، دۆسیەی کەجەکەو هتد گێڕا، لەو کاتەوە بوو بە یەکێک لە سیاسەتمەدارە دیارو ناسراوەکانی تورکیا.
لەساڵی ٢٠١٢ دەمیرتاش و هاوپارتەکانی، بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانتر لە چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان و تورکیا، (پارتی دیموکراتی گەلان: هەدەپە)یان دروستکرد. دەمیرتاش

لەگەڵ (فیگەن یوکسەکداغ)، لە ٢٢ی حوزیرانی هەمان ساڵدا، وەک هاوسەرۆکانی هەدەپە هەڵبژێردران.
دەمیرتاش لە ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ جارێکی دیکە هاوشانی (فیگان یوکسەکداغ) بەهاوسەرۆکی هەدەپە هەڵدەبژێرانەوە. دەمیرتاش هەمان ساڵ وەک بەربژێری پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار دیاری کرا و بەرامبەر (ڕەجەب تەییپ ئەردۆغان) سەرۆکی ئەکەپەو سەرۆک وەزیری ١٢ ساڵی ڕابردووی تورکیا کەوتە ململانێوە. هەرچەندە دەمیرتاش لەو ڕکابەرییە نابەرابەرەدا، سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو وەک سەرۆک کۆماری تورکیا هەڵنەبژێردرا، بەڵام لە سەردەمی بانگەشەی هەڵبژاردندا، توانی سەرنجی زیاتری کۆمەڵگا و میدیای تورکیا بۆ لای خۆی و پارتەکەیدا ڕابکێشێ و ڕێژەی ٩.٧٦٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت. بەهێزی کەسایەتی دەمیرتاش هۆکارێکی سەرەکی بوو لە سەرکەوتنەکانی هەدەپە، لە دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٥. چونکە بۆ یەکەمینجار بوو لە مێژوی کورددا، پارتێکی کوردی بتوانی ڕێژەی ١٠٪ بەربەستی هەڵبژاردن تێپەربکات و وەک سێهەمین گەورەترین فراکسیۆن بگاتە پەرلەمانی تورکیا. لەدوای کودەتا سەربازیییەکەی ١٥ی تەمموزی ٢٠١٦ی تورکیا دەمیرتاش لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی دیکەی هەدەپە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی دژە تیرۆردا دەستگیرکران.
سەرەڕای ئەو هەموو ئەستەم و دژوارییەی ڕوبەڕوی هەدەپە بوویەوە لەماوەی ساڵانی ٢٠١٥-٢٠١٨ هەر لە دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن، سەرکوتکردنی ئەندام و لایانگرانیان، تا وەرگرتنەوەی پارێزبەندی لە پەرلەمانتارەکان، دواتر دەستگیرکردن و زیندانی کردنی پەرلەمانتارەکانی هەدەپە. بەڵام لەگەڵ ئەو دۆخە نالەبارەی سیاسەتکردن لە تورکیادا، هێشتا دەمیرتاش و هەدەپە لە کێبرکێی دیموکراسی و خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی کۆڵیان نەداوە، ئەوەتا لەم هەڵبژاردنەشدا بە پارتێکی سەربەخۆ بۆ پەرلەمان لیستی خۆیان پێشکەش کردووەو (سەلاحەدین دەمیرتاش)یش وەک تاکە کاندیدی کوردو پارتەکەیان بەربژێر کراوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا.
لە ئێستادا (سەلاحەدین دەمیرتاش) تاکە بەربژێری گەنج و زیندانیکراوی نێو بەربژێرەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی تورکیایە. دەمیرتاش لە کونجی زنیدانەوە بەربژێری پارتەکەیەتی بۆ سەرۆکایەتی تورکیا، دەمیرتاش نزیکەی ٢٠ مانگە بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دەستگیرکراوەو خراوەتە زیندانەوە.
دەمیرتاش لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی ئاژانسی هەواڵی (دی پی ئەی DPA)ی ئەڵمانی دەربارەی خۆکاندیدکردنی و چانسی سەرکەوتنی وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری ئەو ئاژانسەی داوەتەوە، بەم جۆرە:
**دی پی ئەی ئەڵمانی:** ئەگەر هەڵبژاردنەکان بۆ خولی دووەم درێژ ببێتەوە بەڵام تۆ نەگەیتە خولی دووەم، ئەوکات پشتیوانی لە کام کاندیدە دەکەیت بۆ ڕکابەری ئێردۆغان؟
**دەمیرتاش** "من دەمێنمەوە بۆ خولی دووەم، من متمانەم بەوە هەیە و بۆ ئەو کارەش متمانەم بە هاوڵاتیانمان هەیە".

**دی پی ئەی ئەڵمانی:** ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت، دۆخێکی چۆن چاوەڕێی تورکیا دەکات؟

**دەمیرتاش** "بە شێوەیەکی بەهێزتر خەباتی سیاسی دەکەین. هەوڵ دەدەین ڕێگری بکەین لەوەی ئەم ڕژێمە فاشیزمە زیانی زیاتر بە دامودەزگاکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکان بگەیەنێت. دەسەڵاتدارانی ئاکەپە چیتر هیچ شتێکی باشیان پێ نەماوە تا پێشکەشی ئەم وڵاتەی بکەن. بەو شێوەیەش دۆخی تورکیا بەردەوام بەرەو خراپتر دەڕوات بەداخەوە".

**دی پی ئەی ئەڵمانی:** زۆر جار ڕەخنەی ئەوە لە ئێوە دەگیرێت کە خۆتان لە پەکەکە بە دوور ناگرن، وەڵامی ئێوە چییە بۆ ڕەخنانە؟

**دەمیرتاش** "ئێمە پارتێکین کە لە لایەن هاوڵاتییانەوە هەڵبژێردراوین و ئەو ئەرکەمان پێ سپێردراوە کە نوێنەرایەتی هاوڵاتییان بکەین. ئێمە نوێنەرایەتی پەکەکە ناکەین، بەڵکو نوێنەرایەتی ئەو کەسانە دەکەین کە دەنگیان پێ داوین. لە بابەتی توندوتیژیدا هەڵوێستی ئێمە ڕوونە. دژی دەوەستینەوە و بەهیچ شێوەیەک پشتیوانی لێ ناکەین. لە هەمان کاتدا دژی توندوتیژییەکانی حکومەتیش دەوەستینەوە کە دەیەوێت بە بەکارهێنانی توندوتیژی پرسی کورد بە لاڕێدا ببات".

**دی پی ئەی ئەڵمانی** "ئەگەر هەڵبژاردنەکان ببەیتەوەو ببیتە سەرۆک کۆمار، یەکەم کارت چی دەبێت؟

**دەمیرتاش** "هەنگاو دەنێم بۆ نووسینەوەی دەستورێکی نوێ بۆ وڵات. باری نائاسایی لە وڵات هەڵدەگرم و کۆمەڵێک ڕیفۆرم بەرەو دیموکراسی ئەنجام دەدەم. وە هەروەها هەوڵ دەدەم سیستەمی پەرلەمانی لە وڵاتدا جێگیر بکەم".

هەرچەندە ئاستی دەنگەکانی هەدەپە لەنێوان (١٠٪ بۆ ١٢٪)یە. بەڵام چاودێران پێیان وایە کەسایەتی دەمیرتاش هۆکار دەبێت بۆ زیادبونی دەنگەکانی خودی خۆی و پارتەکەی لەم هەڵبژاردنەدا، بەتایبەت لەباکوری کوردستان. ئەوەش دوا بەدوای ئەوەی زۆرینەی پارتە کوردییەکان جگە لە(هوادا پار) رایانگەیاندوە لەم هەڵبژاردنەدا پشتگیری لە دەمیرتاش و هەدەپە دەکەن.
دەمیرتاش نزیکەی ٢٠ مانگە دەستبەسەرو زیندانیکراوە لەزیندانی ئەدرنە لە تورکیا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا لە پرۆسەی دادگایکردنیدا هیچ تۆمەتێکی لەو تۆماتەنەی ئاراستەی کراوە بەسەریدا ساغ نەبوەتەوە. هەرچەندە یاساکانی تورکیا رێگە بەو کەسانە نادەن کە تۆمەتی تیرۆریبیان رووبەڕوو دەکرێتەوە، خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندید بکەن. بەڵام دەمیرتاش هەموو ئەو تۆمەتانەی رووبەڕووی دەکرێتەوە رەتیان دەکاتەوە، بۆیە تۆمەتەکانی بەسەردا ساغنەبۆتەوە. هەر ئەم خاڵەش بوو وایکرد لە کۆمسیۆنی ئەو وڵاتە دەستەوەستان بێت لە پەسەند نەکردنی، وەک بەربژێری هەدەپە بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا.

## کارنامەی هەڵبژاردنی سەلاحەدین دەمیرتاش

کارنامەکەی دەمیرتاش بەم دروشمە دەست پێدەکات **(هاووڵاتی، هاوڕێباز، هاوڕێ دەمیرتاش"Yurttaş, Arkadaş, Yoldaş Demirtaş")**.
ناونیشانی کارنامەی هەڵبژاردنی دمیرتاش ئەم دێرەیە **"وەك سەرۆك كۆمارێك دێم بۆ ئەوەی کۆتایی بە سیستەمی تاکەکەسی بێنم"**
بەرنامەی هەڵبژاردنی دەمیرتاش بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشکراوە کە خۆی لەبوارەکانی (سیستەمی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی" هەژاری، ژنان و منداڵان"، پەروەردە و تەندروستی، کێشەی کورد و کەمە نەتەوەکان، ماف و ئازادییەکان، ڕاگەیاندنی ئازاد، سیاسەتی دەرەوە، ژینگە پارێزیِ ... هتد) دەبینێتەوە.
دەربارەی سیستەمی سیاسی تورکیا دەڵێت" بۆ کۆتاییهێنان بە شکستی ١٦ ساڵە، ئێمە لە قۆناغی کۆتاییین. بۆ دەستپێکێکی نویِ ئێمە دەستی یەکتر دەگرین و ڕژێمی تاکپەرست، زۆردار، دز، لایەندار، قەیووم و ڕژێمی کەسێکی شەڕخواز، لەگەڵ تۆ دەگۆڕین".

**بەشێک لەو بەڵێنانەی لە کارنامەی هەڵبژاردنی دەمیرتاشدا ئاماژەیان بۆ کراوە:**

- ✓ من بۆ زۆر ئەرك دەبمە سەرۆك کۆمار، بەڵام لە کۆتایی ماوەی خۆمدا، بە چاکەتەکەی خۆمەوە ماڵئاوایی دەکەم.
- ✓ ئێمە سیستەمێکی بەڕێوەبردن بونیاد دەنێین بەبەشداری سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.
- ✓ سیاسەت دەیکەینە ئامرازی خزمەتکردنی گەل.
- ✓ ئێمە باری نائاسایی تورکیا کۆتایی پیِ دەهێنین. ئەو زیانانەی کە بەهۆی باری نائاسایی و بڕیارەکان ڕوویانداوە، قەرەبوو دەکەینەوە. وەها دەکەین کە ئەو کەسانەی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.
- ✓ ئێمە کۆتایی بە قەیووم[3] دێنین کە دەستبەسەر ئیرادە و مافی هەڵبژاردنی گەل دادەگرێت و ئەو هاوشارەدارانەی کە بەرپرسیارەتییان لێسەنراوەتەوە، بەپەلە بەرپرسیارەتییان ڕادەست دەکەینەوە. وا دەکەین کە سەرلەنویِ خزمەتی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بکرێت.
- ✓ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانەو بە ئیرادەی ژیانی هاوبەشی گەلان، هەر ئەمش تاکە ڕێگەی ئارامی و سەقامگیری گەلانی تورکیایە.
- ✓ کێشەی کورد چارەسەر دەکەین، چیا و زیندانەکان بەتاڵ دەکەین بۆ ئەوەی چیتر دایکانی تورکیا نەگرین.

---

[3] قەیوم : مەبەست لەو کارمەندە حکومیانەن کە لەلایەن حکومەتەکەی ئەکەپەوە بە شێوەیەکی نایاسای خراونەتە جێگەی شارەدارە هەڵبژێردراو دورخراوەکانی کورد لە باکوری کوردستان

- ✓ ئێمە کێشەی کورد لەنێو توندوتیژی دەردێنین و بە ئاشتییەکی سەربەرزانەش کۆتایی بە توندوتیژی و شەڕ دێنین.
- ✓ ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی دەوڵەت داوای لێبووردن لەو گەلانە بکات کە لە ماوەی ڕابردوودا ستەم و کۆمەڵکوژی لە بەرانبەردا کردوون.
- ✓ ئێمە زمانە جیاوازەکانی وڵاتی خۆمان وەك هەڕەشە نابینین، بەڵکو وەك دەوڵەمەندییەك دەبینین. لە پەروەردەوە تا تەندروستی، لە ڕاگەیاندنەوە تا زانیاری وەرگرتن، بەشێوەیەکی دەستووری زمانی دایکی مسۆگەر دەکەین. بەشێوەیەك کە هەموو کەس بتوانێت بە زمانی دایکیی خۆی سوودمەند بێت لە خزمەتگوزارییەکان.
- ✓ لە ماوەی دوو ساڵدا پڕۆسەی دەستورێکی بنەڕەتی دادەرێژین، کە پشت بە ئازادی، فرەڕەنگی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتە سەرەکییەکان، فرەزمانی، فرەباوەڕی و هاوڵاتیبوونی یەکسان ببەستێت.
- ✓ سیستەمی سیاسی وڵات دەکەینەوە سیستەمێکی پەرلەمانی فرەپێکهاتە، نابێت کۆی دەسەڵاتەکانی وڵات دەستی کەسێکدا کۆبکرێتەوە.
- ✓ دەستەی خوێندنی باڵا هەڵدەوەشێنینەوە و سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی زانستی، بەڕێوەبردنی ئەکادیمیی زانکۆکان دەستەبەر دەکەین. وەها دەکەین کە لە بری ئەوەی سەرۆکی زانکۆکان لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە هەڵبژێردرێت، لە لایەن پێکهاتەکانی زانکۆ هەڵبژێردرێن.
- ✓ ئێمە بە گوێرەی مافەکانی مرۆڤ و حقووقی گەردوونی، پێداگری لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەین. ئەرکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری بەپەلە لەژێر زەختی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەردێنین.
- ✓ سیستەمی دادوەری نەك بە فەرمان، بەڵکو دەبێت بە دادپەروەری بڕیار بدات. ئێمە سیستەمێکی دادپەروەر، سەربەخۆ، بێلایەن، بەپەلە و یەکسان بونیاد دەنێین
- ✓ کۆتایی بەو جیاوازییە گەورەیە دێنین کە دەسەڵات لەنێوان دەوڵەمەند و هەژاران دروستی کردووە، ئەو دەوڵەمەندییەی کە پێکەوە هاتووەتە دی، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشی دەکەن.
  - ✓ دەرفەتی کار دەڕەخسێنین بۆ سەدان هەزار بێکاری خاوەن دیپلۆم و لاوانی بێ هیوا.
  - ✓ ئێمە سیستەمێك دادەنێین بۆ پێدانی مانگانەی لاوان بە بڕی ٥٠٠ لیرە بۆ هەر گەنجێك.
- ✓ ئێمە سیستەمێکی بەڕێوەبردن کە پشت بە بەشداری هاوبەشی ژنان دەبەستێت، بونیاد دەنێین.
  - ✓ وا دەکەین کە ئەو ژنانەی هەم لە ماڵ و هەم لە کار خەبات دەکەن، زوو خانەنشین بن.
- ✓ بۆ ئەوەی ڕەنجی نێو ماڵ، خاوەنداریکردن لە منداڵ، بەساڵاچوو و نەخۆشەکان هاوبەش بێت، چاودێریکردن بەپارە یان بێ پارە نەبێتە کاری ژنان، خانەی چاودێریکردن بۆ نەخۆش و بەساڵاچوان دەکەینەوە.

- ✓ لەپێناو گۆڕینی زیهنیەتی سەردەستی پیاو، دەست بە هەڵمەتی سەرتاسەریی کۆمەڵایەتی دەکەین. لە چارەسەرکردنی کێشەکۆمەڵایەتییەکاندا فیکر و بۆچوونی ژنان ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن. ئێمە بە هیچ جۆرێك ڕێگە نادەین کە هێرش بکرێتە سەر بەها و ڕێبازەکانی ژیانی ژنان و دەستدرێژیی جەستەیی بکرێتە سەریان.
- ✓ ئێمە سیستەمی هاوسەرۆکایەتی کە نوێنەرایەتیی یەکسانی ژنان دەپارێزێت بەیاسایی دەکەین، بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستەکانی پارتی سیاسییدا بچەسپێت.
- ✓ ئێمە مافی منداڵان دەپارێزین کە یەك لەسەر سێی دانیشتوانی تورکیا پێکدێنن. منداڵ ئایندەی هەموومانە. ئێمە وا دەکەین کە هەموو منداڵێك بە شادی، سەربەرزانە و ئاشتیانە بژی.
- ✓ ئێمە سیستەمێکی پەروەردە دەچەسپێنین کە لە بەرەوپێشبردنی منداڵان بوەشێتەوە، بە گوێرەی زمانی دایك، مافەکانی مرۆڤ و زانست بێت.
- ✓ وا دەکەین بەندیخانەکانی منداڵان دابخرێن.
- ✓ بۆ ئەوەی کێشەی کارکردنی منداڵان چارەسەر بکرێت، لە بوارەکانی ڕەنج و پەروەردەدا گۆڕانکاری دەکەین.
- ✓ لەپێناو نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم ژیانی ئازادی هەموو باوەڕییەکان، کولتوور و کەسەکان، بەشێوەی دیموکراتی فرەڕەنگ مامەڵە دەکەین.
- ✓ ئێمە ناهێڵین باری قەیرانی ئابووری بکەوێتە سەر شانی گەل.
- ✓ ئێمە پێداویستییەکانی ئاو، کارەبا، غازی سرووشتی تا سنووری پێویست بەبێ پارە بۆ هەژاران دابین دەکەین.
- ✓ ئێمە کەمترین مووچە و داهاتی خانەنشینان دەکەینە ٣ هەزار لیرەی تورکی.
- ✓ بەبڕی هەزار لیرەی تورکی مووچەی بێ مەرج و بێ کات بۆ هەموو بێکاران دابین دەکەین.
- ✓ لە چوارچێوەی زیادبوونی خزمەتدا، ئێمە بەبڕی هەزار لیرەی تورکی مووچەی فەرمانبەران زیاد دەکەین.
- ✓ تا بڕی ٥٠ هەزار لیرەی تورکی، فایزی قەرزی بانکی لادەبەین.
- ✓ هاوکاری بۆ کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دوو قات زێدە دەکەین.
- ✓ مەنهەجی پەروەردەی تاکپەرست، زایەندپەرست، مەزهەبپەرست و نەژادپەرست لادەبەین و لە شوێنی ئەو، مەنهەجێکی نوێی پەروەردە لەسەر بنەمای زانستی، عەلمانی، دیموکراتی، ئازادیپارێز، فرەڕەنگی و بە زمانی دایك دادەنێین. بەهیچ جۆرێك پارە لە خانەوادەی فێرخوازان وەرناگرین.
- ✓ ئێمە ناهێڵین کە ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە لایەن دەسەڵاتدارەتییەوە دابخرێن و ڕێ لە بەردەم مێدیای فرەڕەنگ دەکەینەوە.
- ✓ ئێمە ئازادی فەراهەم دەکەین بۆ ڕۆژنامەوانان و بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.
- ✓ وا دەکەین کە دەزگەکانی ڕاگەیاندن ئازاد بن. هەموو بەربەستەکان لە بەردەم پلاتفۆڕمەکانی ئینتەرنێت وەك تویتەر، فەیسبووك و ویکیپێدیا لادەبەین.

- ✓ خۆمان لە شەڕی هێزە جیهانگیر و هەرێمییەکان و داگیرکاری و توندوتیژی بەدوور دەگرین و دژی ئەم سیاسەتانە دەوەستینەوە.
- ✓ هەموو هەوڵێک دەدەین لەپێناو هێنانەدی وڵاتێکی گەشبین کە کۆمەڵگە لە بەرانبەر یەکتر نەوەستێتەوە وڵاتێك بهێنینەدی کە هەر کەس بتوانێت بەشێوەیەکی ئازاد تیایدا بژی.
- ✓ ڕەچاوی پێوەرەکانی یەکێتیی ئەورووپا دەکەین دەربارەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، دیموکراتی هەرێمی، جیاوازی دەسەڵاتەکان و سەروەری یاسا.
- ✓ ئێمە کۆتایی بە پرۆژەکانی دروستکردنی بەنداو، (ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئاو) دێنین کە بەمەبەستی سەرمایەگوزاری و قازانج دروست دەکرێن.
- ✓ ئێمە کۆتایی بە هەموو ئەو کردارانە دێنین کە زیان بە بوارەکانی ژیان دەگەیەنن.
- ✓ ئێمە ئەو پرۆژانە دەوەستێنین کە شارەکان تالان دەکەن، مافی نیشتەجێبوونی گەل لەناودەبەن، بوارەکانی ژیانی هاوبەش و بەرهەمەکولتووری و مێژووییەکان لەناودەبەن.
- ✓ کۆتایی بە هەموو ئەو پرۆژە زیادانە دێنین کە سرووشت و سەرچاوەکان لەناودەبەن. وەك «کانال ئیستنەبووڵ».
- ✓ ئێمە سزای هەموو ئەو کەسانە دەدەین کە تاوانی لە جۆری ئەشکەنجە، خراپەکاری، هێرشی کوشتن لە دژی ئاژەڵەکان دەکەن. بەم سزادانە وادەکەین کە ئیدی ئەو تاوانانە ئەنجام نەدرێن.

لەکۆتایی کارنامەکەدا هاتووە "بۆ ئەوەی کۆتایی بە سەرۆکایەتی بێنم، من دەبمە سەرۆك کۆمار. کاتێك کە پرۆسەکە کۆتاییهات، ئەرکەکانی منیش کۆتاییان دێت من سەرۆکایەتی کۆمار دەکەمە پێگەیەکی نوێنەرایەتی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی". "ئێمە گەلین. بە ناسنامە، باوەڕی، زمان و کولتووری خۆمان ئێمە ئەم وەڵاتەین. ئێمە ئەو مرۆڤانەین کە باوەڕ بە ئایندەی ئەم وەڵاتە دەکەین؛ سەرچاوە؛ هیوا، هەوڵدان و جیاوازی ڕەنگەکانی خۆمان پێشکەشی داوای سیستەمی تاکەکەسی ناکەن"[٤].

[٤] بۆ خوێندنەوەی کارنامەی هەڵبژاردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش و هەدەپە بروانە ئەم دوو لینکە :
http://www.hdp.org.tr/tr/materyaller/24-haziran-genel-secimleri/11967
https://drive.google.com/file/d/1WAN9IPaGd0IUh_3TmYdcl0fZsvcNn6Vl/view

### ٤. میراڵ ئاکشینار (پارتی باش "چاک، خێر" : ئیی پارتی )

میراڵ ئاکشینار لە تەمموزی ١٩٥٦ لەدایک بووە. لە ئێستادا تەمەنی ٦١ ساڵە. میراڵ خاوەنی بروانامەی ماستەرو دکتۆرایە لەزانستی مێژوو، وەک مامۆستا چەند ساڵێک لە زانکۆی مەرمەڕە وانەی وتوەتەوە، میراڵ ساڵی ١٩٩٤ دەستی بە کارو چالاکی سیاسی کرد، لەهەمان ساڵدا توانی وەک بەربژێری (پارتی ڕێگای ڕاست) ببێتە پەرلەمانتار، میراڵ ئاکشینار لە یەکێک بوو لە کەسە نزیکەکانی (تانسۆ چیلەر) کە یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئافرەت بووە لە تورکیادا. ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی میراڵ لە ساڵی ١٩٩٦ وەک وەزیری ناوخۆ دەستبەکاربێت. لە ساڵی ٢٠٠١ لە دامەزراندنی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) بەشداری کردووە. پاش چەند ساڵێک وازی لە ئەکەپە هێنا، چونکە پێی وابوو ئەکەپە درێژکراوەی حزبی ڕەفاهی ئیسلامی (نەجمەدین ئەربەکان)ە. ساڵی ٢٠٠٧ جارێکی دیکە لەرێگای (پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی) گەیشتەوە بە پەرلەمان. میراڵ لە ساڵی ٢٠١٦ لەناو مەهەپەدا سەرۆکایەتی باڵی ئۆپۆزسیۆنی دەکردو نارەزایەتی لە سیاسەتەکانی (دەوڵەت باخچەلی) دەردەبری، هەر لەبەر ئەم هۆیە ساڵی ٢٠١٧ لە مەهەپە دورخرایەوە. دواتر لەگەڵ چوار پەرلەمانتاری مەهەپەو پەرلەمانتارێکی جەهەپە پارتی باش (ئیی پارتی)یان دروستکرد.

پاش راگەیاندنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨، بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی تورکیا میراڵ مافی بەشداریکردنی پێ نەدەدرا لەهەڵبژاردنەکاندا، چونکە بە پێی هەمواری نوێی یاسای هەڵبژاردن هیچ پارتێک یاخود نوێنەرێک ناتوانێت بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات، ئەگەر یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا نەبێت:

١. دەبێت ٢٠ پەرلەمانتار لە پەرلەمان پشتگیری لێبکەن. بەڵام ئیی پارت لە ئەنجامی جیابونەوە لە مەهەپە، توانیبوی لەپەرلەمان تەنها ببێتە خاوەن ٥ پەرلەمانتار.
٢. دەبێت شەش مانگ بەر دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکان ئۆرگان و رێکخراوی لە سەرجەم پارێزگاکانی تورکیا دروست کردبێت. بەڵام ئیی پارت لە پایزی ساڵی ٢٠١٧ دروست بووبوو، وە لە رێکەوتی ١٠-١-٢٠١٨ کۆنگرەی بەست بوو.

بەم جۆرە (ئیی پارت) هیچ یەکێک لەم دوو مەرجەی تێدا نەبوو، ئەوەبوو (جەهەپە) لەپێناو بەشداری (ئیی پارت) لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ تەواوکردنی نیسابی پشتگیری پەرلەمانتاران بۆ ئیی پارت، بریاریدا ١٥ پەرلەمانتاری خۆی بخاتە سەر فراکسیۆنەکەی ئیی پارت لە پەرلەمان، ئەوەبوو لە رێکەوتی ٢٢-٣-٢٠١٨ ، پانزە پەرلەمانتاری (جەهەپە) وازیان لە فراکسیۆنەکەیان هێناو پەیوەندییان بە ئیی پارتەوە کرد، بەم جۆرە ژمارەی پەرلەمانتارەکانی ئیی پارت بوو بە ٢٠ پەرلەمانتار لەپەرلەمانی تورکیا، بەم شێوەیە (ئیی پارت) توانی مەرجی یەکەم مسۆگەر بکات و بەر لەتەواوبونی ئەو وادەیەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن دیاری کردبوو، مەرج و چانسی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکان بەدەست هێنا.

جیا لە تەحەدای بەشداری پارتەکەیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا، لەلایەکی دیکەوە (میراڵ ئاکشینار) خۆشی بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری تورکیا کاندید کرد. میراڵ وەک تاکە ژنە

بەربژێری نێو رکابەرانی هەڵبژاردنی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا، پاش کۆکردنەوەی ٢٥٥ هەزار و ٥٨٢ واژو لەلایەن دامەزراوەی بالای هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە، بەڵگەکانی خۆ کاندیدیکردنی وەک بەربژێری (ئیی پارت) پەسەندکرا.

میراڵ ئاکشینار، بە سیاسەتمەدارێکی ناسیۆنالیستی تورکیا دەناسرێت. بەهۆی نزیکبونەوەی مەهەپە لە ئەکەپەو ئەردۆغان، وازهێنانی لەو پارتە راگەیاندو پارتی (باش: ئیی پارتی) لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ راگەیاند و بۆ خۆشی سەرۆکایەتی پارتەکەی گرتە دەست.

میراڵ ئەکشینار لە ئێستادا رۆژ بەرۆژ پێگەی جەماوەریی زیاد دەکات، بەتایبەت پاش ئەوەی لەنێو پارتەکەی خۆیدا (مەهەپە) دژایەتی خۆی بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ (ئەکەپە) و ئەردۆغان پیشانداو دەربارەی پشتیوانیکردن لە هەمواری دەستوری و سیستەمی سیاسی تورکیا بۆ سەرۆکایەتی بەو دەسەڵاتە رەهایەی دەستوور پێیداوە. لەوکاتەوە نازناوی (ژنە ئاسنینەکەی) پێ بەخشرا. هەڵوێستەکانی میراڵ لەنێو مەهەپەو دواتر پەرینەوەی بۆ نێو ئیی پارت، هۆکارێکە بۆ ئەوەی لەلایەن چاودێرانەوە بە یەکێک لە رکابەرە سەرەکیەکانی ئەردۆغان دابنرێت لە هەڵبژاردنەکاندا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە پێگەی جەماوەری میراڵ تەنها لەنێو دەنگدەرە نەتەوەییەکانی تورکیادا نییە بەڵکو زۆرێک لە پارێزگارەکان، کەسایەتییە ئاینیەکان و خانمانی تورکیا وەک تاکە کاندیدی ژنان پشتگیری لێدەکەن.

دیارترین دروشمەکانی میراڵ ئاکشینار بۆ ئەم هەڵبژاردنە بریتین لە **"ڕووت بەرەو خۆر وەرگێڕە" "چاکەکان دەبیەنەوە".**

میراڵ ئاکشینار بەڵێن دەدات لەگەڵ دەرچوونیدا بۆ سەرۆک کۆماریی تورکیا کار دەکات بۆ "هەڵگرتنی باری نائاسایی و گۆرینی دەستور، گێڕانەوەی ماف و ئازادییەکان و گێرانەوەی سەروەری بۆ هاوڵاتییان و پەرلەمان". ئەوەی پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەیە میراڵ لە بەرنامەکەیدا ئامازەی بۆ ئەم بابەتە نەکردووە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە میراڵ زیاتر دەخوازێ دەنگی نەتەوەپەرستەکان مسۆگەر بکات وەک لە راکێشانی سۆزی دەنگدەرانی کورد بەلای خۆیدا. چونکە ئەگەر بێت و باس لەکێشەی کورد بکات. ئەوا بەدڵنیاییەوە دەنگی چینە نەتەوەپەرستەکەی خۆی لەدەست دەدات. لەبەرامبەردا ئەم هەڵوێستەی ئاکشینار هۆکارێکە بۆئەوەی کوردەکان دەنگیان نەخەنە پاڵ ئەکشنار، تەنانەت ئەگەر بشمێنێتەوە بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن، ئەگەر هەیە کەمترین هاوڵاتی کورد دەنگی پێ بدەن.

### ٥. تەمەل کەرەموڵلا ئۆغلو ( پارتی سەعادەتی ئیسلامی: سەپ)

تەمەل کەرەموڵلا ئۆغلۆ ساڵی ١٩٤١ لەدایک بووە. لە ئێستادا تەمەنی ٧٧ ساڵە. تەمەل کەرەموڵلا خاوەنی بروانامەی بەکالۆریۆس و ماستەرە لەزانستی تەکنەلۆجیا لەزانکۆی ماچستەر، لەساڵی ١٩٦٧ گەراوەتەوە بۆ تورکیاوە لەساڵی ١٩٧٧ دەستی کردوە بەکاری سیاسی. کەرەموڵلا بە پیاوێکی میانرەوی ئیسلامیی ناسراوە، بەدرێژای تەمەنی سیاسی لەرێگەی چەند پارتێکی ئیسلامیەوە بەشداری لەکارو چالاکی سیاسیدا کردووە، لەماوەی ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩٥ سەرۆک شارەوانی سێواس

بووە، دواتر روی کردوەتە کاری پەرلەمانی و لەماوەی سالآنی ١٩٩٦-٢٠٠٢ پەرلەمانتار بووە لە تورکیادا.
تەمەل کەرەموڵڵا ئۆغلۆ لە ئێستادا کاندیدی پارتی سەعاتی ئیسلامییە، ئەم پارتە بە پارتێکی ئیسلامی ناسراوەو ئەندامەکانی خۆیان بەشوێنکەوتوانی (نەجمەدین ئەربەکان) دەناسێنن. ئەم پارتە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ٢٠٠١ تا ئێستا لە پێنج خولی رابردوی هەڵبژاردنەکاندا نەیتوانیوە وەک پارتی سیاسی بەربەستی ١٠٪ هەڵبژاردن تێپەڕێنێت بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا. هەربۆیە کەرەموڵڵا پێویستی بە ١٠٠ هەزار واژۆ بوو تاوەکو لەلایەن دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە وەک بەربژێری پارتی سەعادەت قبوڵ بکرێت. سەرئەنجام توانی ١٦٧ هەزار و ٩٨٧ واژۆ کۆبژکاتەوەو پێشکەشی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیای بکات.
تەمەل کەرەموڵلا لەبانگەشەکانیدا دروشمی **"سەرۆکێکی دانا بۆ تورکیا"**ی بەرزکردووەتەوە، خودی کەرەموڵڵا زیاتر سەرنجی خستوەتە سەر چەوساندنەوەی پێکهاتە نەتەوەییە بچوکەکانە لەلایەن ئەردۆغان و ئەکەپەوە. بەردەوام دەشڵێ "کە بووم بە سەرۆک کۆمار، دەبمە سەرۆک کۆماری هەمووان، نەک سەرۆک کۆمارێکی حیزبی. چونکە ئەو کەسەر دەبێتە سەرۆک، دەبێت ببێتە سەرۆکی ئەوانەی کە دەنگییان پێ داوە و ئەوانەش کە دەنگییان پێ نەداوە".
چاودێران پێیان وایە هەرچەندە کەرەموڵڵا چانسی سەرکەوتنی کەمترە لەچاو کاندیدەکانی دیکە، بەڵام هاتنە ناوەوەی پارتی سەعادەت و کەرەموڵڵا بۆ نێو پرۆسەکە هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی دەنگی بەشێک لە دەنگدەرە ئیسلامییە میانڕەوەکانی ئەکەپە بێت بۆ پارتی سەعادەت و کەرەموڵڵا، هاوکات کەرەموڵڵا لەلەیەکی دیکەوە لەپاڵ کاندیدەکانی دیکە، دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەردۆغان نەتوانێ لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و تورکیا بخاتە قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی.

### ٦. دۆغۆ پەرینچەك ( پارتی وەتەن: نیشتیمان)

دۆغۆ پەرینچەک لەساڵی ١٩٤٢ لەدایک بووە. لە ئێستادا تەمەنی ٧٦ ساڵە. دۆغۆ خاوەنی بروانامەیە لەزانستی یاسا، جگە لەکاری سیاسی کاری پارێزەری کردووە. لەئێستاشدا کاندیدی پارتی نیشتمانە، ئەم پارتە لەساڵی ١٩٩٢ لەسەر دەستی پەرینچەک دامەزراوەو تا ئێستاش سەرۆکایەتی دەکات. پارتی نیشتیمان بە پارتێکی کرێکاری چەپی مارکسی ناسراوە. بەهەمان شێوەی پارتی سەعادەت، ئەم پارتەش لە هەڵبژاردنەکانی رابردودا نەیتوانیوە دەنگی پێویست بهێنێ و بەربەستی ١٠٪ هەڵبژاردن تێپەر بکات. هەربۆیە بەرینچەک پێویستی بە ١٠٠ هەزار واژۆ بوو، بەهەمان شێوەی (ئاکشینار و کەرەموڵلا)، بەرینچەک توانی ١١٨ هەزار و ٥٧٥ واژو کۆبکاتەوە. بەمجۆرە لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە وەک بەربژێری پارتی نیشتیمان قبوڵ کرا.
بەرینچەک بە هەڵوێستە ناسیۆنالیست و توندرەوەکانی ناسراوە لەوانەش، ئەگەر دەربچێت یەکەم کاری کە دەیکات قەدەغەکردنی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەبێت، لەلایەکی دیکەوە بەرینچەک کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەساڵی ١٩١٥ لەسەردەمی عوسمانییەکان بەدرۆی نیودەوڵەتی

ناودەبات، هەمیشەش داوای داخستنی بنکەی سەربازی ئەنجەرلیک دەکات و داواش دەکات هێزە ئەمریکیەکان لەو بنکەیە دەربکرێن. جیا لەمانەش بە پشتیوانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد ناسراوە، لەکاتێکدا بەشار ئەسەد لەدوای ساڵی ٢٠١١ەوە، لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و تورکیاوە بەرەسمی دژایەتی دەکرێت و کاردەکرێت بۆ دورخستنەوەی لەسەر تەختی دەسەڵاتی سوریا. دۆغۆ بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەڵێنی داوە سەقامگیری بۆ ئابوری و یەکگرتوی و ئاشتی و ئارامی بۆ تورکیا بگەڕێنێتەوە.

## پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و هەڵبژاردنەکان

پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) هاوشیوەی دوو هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی ٢٠١٥، بۆ هەردوو هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەی تورکیا (سەرۆکایەتی، پەرلەمانی) خۆی ئامادەکردوە. ئامانجی سەرەکی هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا بریتییە لە :

١. تێپەرکردنی بەربەستی ١٠٪ هەڵبژاردن.
٢. بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمان، هەدەپە لەسەر ئاستی ٨٥ بازنەی هەڵبژاردنی تورکیا ٦٠٠ کاندیدی هەیە، ئامانجی ئەوەیە زۆرترینیان بگەیەنێتە پەرلەمانی تورکیا. وەک هاوسەرۆکی هەدەپە (سیزای تەمەللی) دەڵی" ئامانجمانە ١٨٠ کورسی پەرلەمانی ببینەوە لەم هەڵبژاردنەدا.
٣. کێبرکێ کردن و سەرکەوتنی دەمیرتاش لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی تورکیادا.

هەدەپە ئەمجارەش دەخوازێ ئەو راستییە بسەلمینێت کە هەدەپە بە تەنها پارتی کوردان نییە، بەڵکو پارتێکە کە نەتەوە و بیروباوەرە جیاوازەکان لەگەڵ یەک کۆدەکاتەوە. بەنمونە لەنێو لسیتی ٦٠٠ بەربژێرەکەی هەدەپەدا نوێنەرایەتی سەرجەمی گەلان و نەتەوە و بیروباوەرە جیاوازەکانی تورکیای لەخۆی گرتووە. بۆ نمونە ٥٩ پاڵێوراوی سەر لیستەکەی هەدەپە لە ٩ نەتەوە و گەلی جیاواز و پێنج ئایین و باوەڕیی جیاواز پێکدێت. ئایین و باوەڕیی و کلتوری جیاوازی تورکیا نوێنەریان لەسەر لیستەکەی هەدەپە هەیە. لەدیارترین کاندیدی نەتەوە جیاوازەکانی نێو لیستی هەدەپە، بریتین لە (کورد، تورک، ئەرمەن، عەرەب، بلوچ، جەرکەس، بوشناق وسریانی و نوێنەری گەلانی دەرەوەی تورکیا ئەوروپی و ئەفریقیییەکان، بەنمونە یەکێک لە کاندیدەکانی هەدەپە کرێکارێکی بەرەگەز ئەفریقیە ...). لەدیارترین ئاین و بیروباوەری جیاوازەکانی کاندیدەکانی هەدەپە بریتین لە (زۆرینەی ئیسلام : سونی شیعەو عەلەوییەکان، مەسییحی و ئێزدیی و کەمە ئاینییەکانی دیکە).

لەم پێناوەدا هەدەپە بەرنامەو مانیفێستە هەڵبژاردنیەکەی لەژێر دروشمی **" بە دیموکراسیکردن" و "سەردەمی راگوزەری دەسەلات"**[٥] لە دوو برۆشوردا ئامادەکردووە. کە یەکێکیان بۆ هەڵبژرادنی سەرۆکایەتیەو ئەوی دیکەش بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانییە.

بۆ کەمپەینی هەڵبژاردنەکانیش ملیۆنێك برۆشۆر و بڵاوکراوەی کوردی چاپکراون. لەژێر ناونیشانی **"ناسنامەی ئازاد، کۆمەڵگای ئازاد"، "ئەشکەنجە و گۆشەگیری کۆتایی پێ بهێنرێت"، "پەروەردە و خوێندن بە زمانی دایک"، "هەڵگرتنی باری نائاسایی و سیستمی قەیوم"، "ژنی ئازاد، کۆمەڵگای ئازاد"، "دژ بە تالانی، پاراستنی جەوهەریی"، "گەنجان پاشەڕۆژی کۆمەڵگان"، "بیروڕای ئازاد، میدیا و چاپەمەنیی ئازاد".**

یەکێک لەخاڵە جیاوازەکانی ئەم هەڵبژاردنە لەچاو هەڵبژاردنەکانی رابردوو بۆ هەدەپە، بریتییە لەو بەدەمەوە هاتنەی بەشێک لە پارتە کوردییەکانی باکورو بەشێک لە پارتە چەپەکانی تورکیا بۆ پشتیوانی لە هەدەپە، بە نمونە بەشێکیان لەرابردودا خۆیان لیستیان هەبوە، یاخود پشتیوانیان لە پارتی دەسەڵاتدار کردوە، یاخود بایکۆتی پرۆسەکەیان کردووبوو، بەڵام ئەمجارە پشتیوانی لە هەدەپە دەکەن.

ئەو پارت و ڕێکخراوی چەپانەی تورکیا کە بۆ هەڵبژاردنەکەی ٢٤ی حوزەیرانی تورکیا پشتگیری خۆیان بۆ هەدەپە و سەلاحەدین دەمیرتاش ڕاگەیاندووە:

(پارتی ئازادی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان -باکوور، تەڤگەری ئازادی و پلاتفۆرمی دیموکراتی کوردستان، پارتی ڕێکخستنی سۆسیالیست "پارتیزان"، پارتی کارکەرانی تورکیا "تیپ"، پارتی زەحمەتکێشان "ئەمەپە" ڕێکخراوی هالکئەڤلەری (ماڵەکانی گەل)، فیدراسیۆنی شۆڕشگێرانی ٧٨، فیدراسیۆنی مەجلیسی سۆسیالیست، پارتی پزاڤی کارکەران، پەیمانگای پۆماکان ).

لە راپرسیەکدا دەربارەی دەنگی دەنگدەرانی کورد لە باکوری کوردستان دەزگای راپرسی (راوێست) لە ئامەد، ئاشکرایکردووە کە ئەمجارەش زۆرینەی دنگدەرانی کورد دەنگ دەدەنە هەدەپەو دەمیرتاش. ئەنجامی راپرسیەکە شارەکانی (ئامەد، هەکاری، ماردین، ئاگری، باتمان، بینگۆل، دەرسیم، قارس، موش، سیرت، ئورفا، وان) ئەنجام دراوە و لێیانی پرسیوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەنگ بە کام لایەن دەدەن.

لە ئەنجامی راپرسییەکەدا هاتوە، هەدەپە ٤٧.١%ی بە دەست هێناوە و ٣٨.٧%ی باکوورییەکانیش گوتویانە دەنگ بە ئەکەپە دەدەن، ٢.٩%یش گوتویانە هودا پار و ٩.٤% بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان.

---

[٥] بۆ زانیاری زیاتر و خوێندنەوەی مانیفێستی هەڵبژاردنەکانی هەدەپە بروانە ئەم سێ لینکە:

http://www.hdp.org.tr/tr/materyaller/24-haziran-genel-secimleri/11967
https://drive.google.com/file/d/1E8L6KtBHbuc-tB4TxNM3YURSWdZ34Zj7/view?usp=sharing
https://drive.google.com/file/d/1WAN9IPaGd0IUh_3TmYdcl0fZsvcNn6Vl/view

هەر بە گوێرەی ئەنجامی راپرسییەکەدا، ٨٨.٢%ی باکورییەکان بڕیاریانداوە دەنگ بدەن، تەنیا ٧.٦% دوو دڵن لەوەی بچنە سەر سندوقی دەنگدان و ٤.٢%ش گوتویانە ناچین بۆ دەنگدان. بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیش، ٤٩.٥%ی باکوورییەکان گوتویانە دەنگ بە کاندیدی هەدەپە سەلاحەدین دەمیرتاش دەدەن، ٤٠.٥%یش گوتویانە دەنگ بە رەجەب تەییب ئەردۆغان دەدەن. ١٠٪ دەنگدەرەکانی تریش گوتویانە دەنگ بە کاندیدەکانی دیکەی سەرۆکایەتی دەدەن.

### پێگەی ژنان لە هەڵبژاردنەکان: (هەدەپە) پێشەنگە

دوای پەسەندکردنی لیستی ناوی پاڵێوراوانی پارتە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی حوزەیران لەلایەن دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە دەرکەوت (٤٨٠٠) بەربژێری هەشت لیست، لەگەڵ (٦٨) بەربژێری سەربەخۆ لەسەر ئاستی تورکیا کێبرکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ٦٠٠ کورسی پەرلەمان. بە کۆی گشتیش ژمارەی بەربژێران دەکاتە(٤٨٦٨) کەس.

لەو ژمارەیەش (٣٨٢٣) بەربژێریان پیاون بەرامبەر (٩٧٧) ئافرەتی بەربژێرکراو. بەڵام ئەم ژمارەیە لەچاو هەڵبژاردنەکانی رابردودا کەمترە، هاوکات پێگەی ژنان لەنێو زۆربەی لیستەکاندا بەجۆرێکە، کە چانسی سەرکەوتنی ژنان بەراورد بە پیاوان زۆر کەمترە.

بەڵام لەم نێوانەدا پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بەراورد بە ٧ لیستەکەی دیکە، خاوەنی زۆرترین بەربژێری ئافرەتە، هاوکات لە ١٩ شاریشدا ژنی کردوەتە سەرۆکی لیستەکەی و لە ریزبەندی یەکەمی لیستەکەیدا دایناون، ئەمەش وادەکات لەنێو لیستی هەدەپەدا چانسی دەرچونی ئافرەتان هاوتای چانسی پیاوان بێت بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا.

بەگوێرەی لیستی کاندیدی پارتەکانی تورکیا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان کە ڕادەستی دەستەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا کراون، لەنێو پارتەکاندا هەدەپە لە هەموویان زیاتر جێگەی بۆ ژنان تەرخان کردووە. ئەمەش ژمارەی بەربژێرە ژناکانی نێو لیستە سەرەکیەکانی تورکیا:

| ز | ناوی پارت | ژمارەی کاندیدی ئافرەت |
|---|---|---|
| ١ | پارتی داد و گەشەپێدان- ئەکەپە | ١٢٦ |
| ٢ | پارتی گەلی کۆماری- جەهەپە | ١٣٧ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە | ٢٢٦ |
| ٤ | پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی تورکیا -مەهەپە | ٦٩ |
| ٥ | پارتی باش - ئیی پارت | ١٥٠ |
| ٦ | پارتی سەعادەت- سەپ | ٧٩ |
| ٧ | پارتی وەتەن - ڤەپ | ١٥٠ |
| ٨ | پارتی بانگەوازی ئازاد -هودا پار | ٤٠ |

لەلایەکی دیکەوە دانانی ئافرەتان بە سەرۆک لیست لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن بەپێی ناوچەکان کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر دەنگدەران. دوبارە لەم ئاستەشدا زۆرینەی پارتەکان کەمترین ئافرەتیان کردوەتە سەرۆکی لیستەکانیان

| ز | ناوی پارت | ژمارەی ئافرەت وەک سەرۆکی لیست |
|---|---|---|
| ١ | پارتی داد و گەشەپێدان | ٤ |
| ٢ | پارتی گەلی کۆماری | ٦ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی گەلان | ١٩ |
| ٤ | پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی تورکیا | ٢ |
| ٥ | پارتی باش | ٦ |
| ٦ | پارتی سەعادەت | ٠ |
| ٧ | پارتی وەتەن | ١٣ |
| ٨ | پارتی بانگەوازی ئازاد (هودا پار) | ١ |

**هەدەپە لە ١٩ شاردا ژنانی سەرۆکی لیستن**

ژنانی پاڵێوراوی هەدەپە لە ١٩ شاردا لە ریزبەندی یەکەمی لیستەکەیاندان و ئەو ژنە پاڵێوراوانە و شارەکان بریتین لە: تولای هاتیم ئۆغلولار (ئەدەنە)، نەڤین ئای تەکین (ئافۆین قەرەحەسار)، فیلیز کەرەستەچی ئۆغلۆ (ئەنقەرەی بازنەی یەک)، نورای تورکمەن جانلی (ئەنقەرە بازنەی دوو)، نەسسیبە یۆیلەر (بالکیسیر)، فەلەکناس ئوجا (ئێلح - باتمان)، نازلی چۆبان (چانکری)، شەریفە یڵدرم (دەنیزلی)، پنار ئای تەکین ئۆزگیوچ (ئەرزینجان)، لەیلا گیوڤەن (جۆلەمێرگ)، فاتمە کورتولان (مێرسین)، پەروین بوڵدان (ئیستەنبول بازنەی یەک)، سەرپیل کەمال بای (ئیزمیر بازنەی یەک)، سوڵتان ئۆزجان (موغلا)، گوڵستان کلیچ کۆچ بیت (موش)، چیچەک ئارچ (ساکاریا)، مەدیحە ئۆیا یاگیچ (سەمسور)، مەراڵ دانش بەشتاش (سێرت)، عایشە گیول کافکاس (سنۆپ).

لای خۆیانەوە ئەنجومەنی ژنانی هەدەپە رایگەیاندووە ئێمە لە هەڵبژاردنی ٢٤ی حوزەیراندا چاوەڕێ ئەوەی دەکەین ٣٠ بۆ ٣٥ پەرلەمانتاری ژن رەوانەی پەرلەمان بکەین"

هاوکات ئەو شوێنانەی کە هەدەپە زۆرترینی دەنگی تیایاندا هەیە، پاڵێوراوی ژن تیایاندا زیاترە، لە لایەکی ترەوە لیستی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیران و ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ لەو شارانەدا کە زۆرترین دەنگی هێنا، زۆرترین پاڵێوراو پەرلەمانتاری ژنی هەبوو. بۆ هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ لە ئامەد ١٠ پاڵێوراوی ژن، لە هەڵبژاردنی ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥شدا هەر لە ئامەد ٩ پاڵێوراوی ژنی هەبوو. یەکێک لە پاڵێوراوەکان (دەرسیم داغ) بوو، کە لە دایکبووی ١٩٩٦ بوو.

هەدەپە لە شاری باتمان (ئێلح) بۆ هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥، ٣ پەرلەمانتاری رەوانەی پەرلەمان کرد، کە ٥ پاڵێوراو ٣ پاڵێوراویان ژن بوون. ریزبەندی یەکەمی لیستەکەی هەدەپە لە باتمان (فەلەکناس ئوجا) بوو. لە مووش (گوڵستان کلچ کۆچ بیت) لە ریزبەندی یەکەمدا بوو. لە سیرت (مەرال دانش بەشتاش) لە ریزبەندی یەکەمدا بوو. لە جۆلەمێرگ (لەیلا گۆڤەن) لە ریزبەندی یەکەمی لیستەکەی هەدەپەدا بوو.
جگە لە ژنە پاڵێوراوەکانی ریزبەندی یەکەم، هەدەپە لە هەر دوو هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیران و ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا لە شارەکانی ئاگری، باتمان، چەولیگ، بەدلیس، ئامەد، جۆلەمێرگ، ئیدر، قەرس، مێردین، موش، سێرت، رحا، شرنەخ، دەرسیم و واندا، ٥٥ پەرلەمانتاری ژنی رەوانەی پەرلەمانی تورکیا کرد.
هاوکات لە شارەکانی شرناخ، وان و مێردین کە هەدەپە هەوڵدەدات هەموو کورسییەکان بەدەستبێنێت، ژمارەی کاندیدە ژن و پیاوەکانی هەدەپە یەکسانە.
لە هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیران و ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ی تورکیا، بەهەمان شێوە ژمارەی ژنەکاندیدەکانی هەدەپە لە هەموو لیستەکانی دیکە زیاتر بوو.
هەدەپە لە هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا ٨٠ پەرلەمانتاری ناردبووە پەرلەمانی تورکیا کە ٣٢ پەرلەمانتاریان ژن بوون. ئەمەش بەرامبەر بوو بە رێژەی ٤٢% فراکسیۆنە پەرلەمانیەکەی. لەکاتێکدا کۆتای ژنان بۆ هەرلیستێکی سەرکەوتوو لەپەرلەمانی تورکیا بریتییە ١٧%. دواتر لە هەڵبژاردنی ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا هەدەپە ٥٩ پەرلەمانتاری رەوانەی پەرلەمانی تورکیا کرد، کە ٢٣ پەرلەمانتاریان ژن بوون. ئەمەش بەرامبەر بوو بەرێژەی ٤٢% فراکسیۆنە پەرلەمانیەکەی هەدەپە.
بەم جۆرە هەدەپە بۆ جاری دووەم ئەو ریکۆردە بەناوی خۆییەوە تۆمار کرد. لەکاتێکدا سێ حزبەکەی دیکە (ئەکەپە، جەهەپە و مەهەپە) بە سیستمی کۆتا ئەفرەتانیان لە نێو فراکسیۆنە پەرلەمانیەکەیاندا جێکردەوە. هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنەشدا چاوەروان دەکرێت هەدەپە زۆرترین ئافرەت رەوانەی پەرلەمانی تورکیا بکات، بەراورد بە پارتەکانی دیکەی تورکیا.

### پێشێلکارییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە تورکیا

لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا، هەڵمەتی بانگەشەی پارتەکانی ئەو وڵاتەش چڕتر دەبێتەوە، لەماوەی بانگەشەدا چەندین پێشیلکاریی و ڕێگری لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارو بەشێک لە پارتەکان بەرامبەر پارتەکانی دیکە ئەنجامدراوە
پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لەریزی پێشەوەی ئەو پارتانەیە کە زۆرترین پێشلکاری بەرامبەر ئەنجامدراوە.

لەوبارەیەشەوە ٣ حوزەیران ٢٠١٨، واتە ٢١ ڕۆژ بەر لەوادەی هەڵبژاردنەکان (هەدەپە) ڕاپۆرتێکی پێشێلکاریی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەو هێرشانەی بەرامبەر پارتەکەیان و لایەنگرانیان ئەنجام دراوە.
لە ڕاپۆرتەکەی هەدەپەدا هاتووە کە لە نێوان ٢٨ی نیسان، بۆ٣ حوزەیران کە ٣٥ ڕۆژ دەکات چەندین کەس لە ئەندام و لایەنگرانیان هێرشیان کراوەتە سەر و ١٣٦ دەستبەسەر کراون و ١٤ کەسیش دەستگیر کراون.
لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە بنکەی بانگەشە و شوێنی کۆبوونەوەکانی هەدەپە لەو ماوەیەدا چەندین هێرشیان کراوەتە سەر، بەجۆرێک لە ئەنقەرە ١٠ جار و لە ئیستەنبوڵ ٦ جار و لە ئیزمیر و ئەنتاڵیا ٢ جار و لە هاتای و ئەدیرنە یەک جار هێرشکراوەتە سەر بنکەی بانگەشە و کۆبوونەوەکانی هەدەپە.
هەر لەو ڕاپۆرتە تایبەتەی هەدەپەدا ئاماژە بە دەستبەسەردا گرتنی پاسپۆرتەکەی (سێزای تەمەلی) هاوسەرۆکی هەدەپە کراوە و ئەوەش خراوەتە ڕوو کە تەواوی ئەو ئوتومبێلانەی کە ڕۆژی ٢٨ی نیسان لەکەژاوەی بانگەشەی هەدەپەدا لە سرت لەگەڵ سێزای تێمێللی بەشدارییان کردووە سزا دراون.
دەربارەی هەمان بابەت ڕێکخراوی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) راپۆرتێکی دەربارەی پێشێلکارییەکانی میدیای فەرمی تورکیا (تەلەفیزیۆنیTRT) بڵاوکردوەتەوە، دەربارەی ئەو کاتانەی کە ئەم تەلەفیزیۆنە تەرخانی کردووە لە لەماوەی نێوان ٤ی ئایار بۆ ٣١ی ئایاری ٢٠١٨ بۆ پارتە سیاسییەکان و کاندیدی پارتە سیاسییەکان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا.
بە پێی ڕاپۆرتەکە ( ئەردۆغان کاندیدی ئاکەپە) بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا تەنها لە مانگی ئایاردا ١٠٥ خولەکی بۆ تەرخانکراوە، لە کاتێکدا (سەڵاحەدین دەمیرتاش کاندیدی هەدەپە) بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا تەنها ١٨ چرکەی بۆ تەرخانکراوە. ئەمەش دەریدەخات کە ئەو تەلەفیزیۆنە فەرمییە هەلی یەکسان بۆ سەرجەم کاندیدەکان نارەخسێنێت بۆ ئەوەی کارنامەکانییان بە هاوڵاتییان بگەیەنن. هەر بەپێی راپۆرتەکە، لە رادیۆ و تەلەفیزیۆنی تورکیا (TRT) ئەو ماوەیەی بۆ ٦ کاندیدەکەی سەرۆکایەتی دیاریکراوە، بەم جۆرە بووە:

١. رەجەب تەیب ئەردۆغان، کاندیدی پارتی داد و گەشەپێدان: ١٠٥ خولەک، رێژەی لە ٦٥%ی کاتی تەرخانکراو دەکات.
٢. موحەڕەم ئینجە، کاندیدی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە): ٣٧ خولەک، لە ٢٢% کاتی تەرخانکراو دەکات.
٣. مەراڵ ئاکشنار، کاندیدی ئی پارتی: ١٤ خولەک، لە ٩% کاتی تەرخانکراو دەکات.
٤. تەمەل کەرەموڵڵائۆغڵو، کاندیدی پارتی سەعادەت: ٥ خولەک، لە ٣% کاتی تەرخانکراو دەکات.
٥. دۆغۆ پەرینچەک، کاندیدی پارتی وەتەن: ٢ خولەک.
٦. سەڵاحەدین دەمیرتاش، کاندیدی هەدەپە: ١٨ چرکە

لەبەرامبەردا ئەو کاتانەی تەلەفیزیۆنی TRT بۆ پارتە سیاسییەکانی تەرخانکردووە بەم جۆرە بووە:

١. ئاکەپە: ١٤٧ خولەک
٢. جەهەپە: ٢٥ خولەک
٣. مەهەپە: ٢٥ خولەک
٤. ئیی پارتی: ١٤ خولەک
٥. پارتی سەعادەت: ٥ خولەک
٦. بەبەپە: ٥ خولەک
٧. پارتی وەتەن: ٢ خولەک
٨. هەدەپە: ٠ خولەک

جگە لەوەی هەدەپە لە زۆربەی شارەکانی تورکیا روبەروی پێشێلکاری دەبێتەوە، ئەوەتا (دەمیرتاش[٦]) وەک کاندیدی سەرۆکایەتی ئەو پارتە، جگە لەزیندانی کردنی، رێگەی پێنادرێت هاوشێوەی رکابەرەکانی بەپێی پێویست سود لە میدیاکان و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە دەنگدەرانی تورکیا.
لە ئێستادا تاکە سەرچاوەی دەمیرتاش کە لەرێگەیەوە زۆرترین پەیامی خۆی ئاراستە دەکات، تۆری کۆمەڵایەتی تویتەرە کە رۆژانە پەیامەکان رادەستی پارێزەرەکانی دەکات و لە تویتەرەکەیدا بۆی بڵاودەکرێنەوە. هاوکات جار جارەش لەرێگەی چاوپێکەوتنی رۆژنامەو گۆڤارە نێوخۆی و جیهانیەکان، یاخود لەرێگەی نامەی دەستی و دەنگی پەیامەکانی دەنێرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەهیچ شێوەیەک بانگەشەی دەمیرتاش بەراورد ناکرێت بەو قەبارە بەرفراوانەی کە رەخسێندراوە بۆ بانگەشەی رکابەرەکانی[٧].
دواین کارت کە دژ بە دەنگدەرانی هەدەپە تاقی دەکرێتەوە بریاری گواستنەوەی سندوقی بەشێک لە ٢٠ پارێزگای باکوری کوردستانە، بۆ هەندێک ناوچەی دیکە کە کۆمسیۆن دیاری دەکات، لەپاڵ دۆخی

---

٦ سەرەرای ئەو پێشێل کاریانەی لەماوەی بانگەشەدا دژ بە هەدەپەو دەمیرتاش و پارتەکانی دیکە ئەنجامدرا، لە ئێستادا بە پێی نوێترین بریاری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، وا بریارە مۆڵەت بدرێت بە سەرجەم کاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لە تەلەفیزیۆنی TRT بانگەشەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن.
بە پێی بڕیارەکەی کۆمسیۆن هەموو کاندیدەکانی خولی یەکەم مافی ئەوەیان هەیە دوو جار بۆ ماوەی ١٠ خولەک قسە بکەن. بە هەمان شێوە ئەگەر هەڵبژاردنەکان درێژ ببێتەوە بۆ خولی دووەم ئەو کاندیدانەی دەمێننەوە بۆ خولی دووەم هەمان ئەو مافەیان هەیە. نابێت وتەی هەر کاندیدێک لە ٢ خولەک کەمتر بێت بۆ هەر جارێک و نابێت لە ١٠ خولەک زیاتر بێت لە ڕۆژێکدا.
کۆمسیۆن ئەو ماوەیەی دیاری کردووە کە کاندیدەکان دەتوانن ئەم سوود لەم دەرفەتە وەربگرن. بە پێی ڕۆژمێرەکەی کۆمسیۆن بانگەشەی کاندیدەکان لە ڕێگەی ئەو سیسەتەمەوە لە بەرواری ١٧ی حوزەیران دەست پێدەکات و لە ٢٣ی حوزەیران کۆتایی دێت. ئەگەر هەڵبژاردنەکان درێژ ببێتەوە بۆ خولی دووەم ئەوکات لە ٤ی تەموز دەست پێدەکات و ٧ی تەموز کۆتایی دێت.

٧ سەرەڕای پێشیلکارییەکان دژ بەهەدەپەو دەمیرتاش رۆژی ١٧ حوزەیرانی ٢٠١٨، (سەڵاحەدین دەمیرتاش) لەرێگای کەناڵی TRT ەوە پەیامی هەڵبژاردنی خۆی لەماوەی ١٠ خولەکدا بڵاوکردەوە. رۆژی ٢٠ حوزەیرانیش (پەروین بوڵدان) هاوسەرۆکی هەدەپە لەرێگای هەمان کەناڵەوە لە پەیامێکی ١٠ خولەکیدا بانگەشەی بۆ پارتی دیموکراتی گەلان و بەرنامەو مانیفێستی پارتەکەیان کرد.

نائاسایی تورکیا، بە بیانوی خراپی دۆخی ئەمنی ئەو ناوچانە، واتە پێویستە دەنگدەران بچنە ئەو شوێنەی کە کۆمیسیۆن دیاری دەکات بەمەبەستی دەنگدان. ژمارەی ئەو دەنگدەرانەش بە نزیکەی ١٥٠-٢٧٠ هەزار دەنگدەر مەزەندە کراوە لە ئەنجامی ئەو گواستنەوەی ئەو سندوقانە دەبێت لەناوچەی دیکە دەنگ بدەن. ئەم هەوڵەی ئەکەپە هاوشانی هەوڵەکانی دیکەی تەنها بۆ ئەوەیە دەنگی هەدەپە لە تورکیاو باکور دەنگی هەدەپە کەم بکات، تا لەو ڕێگەیەوە هەدەپە نەتوانێت بەربەستی هەڵبژاردن بشکێنێت .

بەم جۆرەش دەردەکەوێت پارتی دیموکراتی گەلان و کاندیدی سەرۆکایەتیەکەی (سەڵاحەدین دەمیرتاش)، تەنها لەمەوەی ٣٥ رۆژی یەکەمی بانگەشەدا زۆرترین پێشیلکارییان دەرهەق ئەنجامدراوە[٨].

دەربارەی ئەم بابەتە (پەروین بوڵدان) هاوسەرۆکی هەدەپە لەمیانەی دەستپیکی بانگەشەی هەدەپە لە ئیزمیر رایگەیاند "بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت ڕێگری لە دەنگدەرەکانمان بکەن با بزانن، سندوقەکانی دەنگدان ببەنە سەر مانگیش ناتوانن ڕێگریمان لێبکەن. گوتیشی "دەمیرتاش دەبێتە بەردێک و بەر سەری ئەوانە دەکەوێت کە ڕێگرییان لێدەکەن".

---

٨ ئەمە یەکەمجار نییە بەم شێوەیە لەلایەن دەزگا فەرمیەکانی راگەیاندنی تورکیا پێشێلکاری بەرامبەر هەدەپە ئەنجام بدرێت، لەماوەی رابردوشدا چەند جارێک ئەم حاڵەتە رویداوە. بۆ نمونە لەمانگی ئازاری ئەمساڵدا، هەدەپە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر بێبەشکردنی پارتەکەیان لە ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتی تورکیا بڵاوکردەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەوە کراوە کە لە مانگی ئازاری ٢٠١٥ەوە هیچیەک لە میدیا فەرمی و سێبەرەکانی دەوڵەتی تورکیا (NTV, CNN Turk, Haber Turk) هیچ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری یاخود کۆنگرەی هەدەپەیان ڕاستەوخۆ نەگوازتووەتەوە .جگە لەوەش ماوەی کەناڵی CNN Turk ماوەی ٦٥٠ ڕۆژ و Haber Turkماوەی ٧٥١ ڕۆژ بە یەک هەواڵیش ناوی هەدەپەیان نەهێناوە.
ڕاپۆرتەکەی هەدەپەدا هاتوە لە کاتی هەڵبژاردنەکانیی ٢٠١٥ دا، لە کەناڵی TRT کە کەناڵی فەرمی دەوڵەتی تورکیایە، ١٨٨ کاتژمێر دراوە بە ئاکەپە، لەکاتێکدا تەنها ٣ کاتژمێر دراوە بە هەدەپە.
سەبارەت بە دەرکەوتنی سەرۆکی پارتەکانیشەوە لە کەناڵەکانی دەوڵەتەوە، بۆ هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٥ ئەحمەد داودئۆغڵو سەرۆکی ئاکەپە٣١٠ کاتژمێر و کەمال کلچدار ئۆغڵو سەرۆکی جەهەپە ٤٤ کاتژمێر و دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە ٢٩ کاتژمێر قسەیان کردووە، بەڵام تەنها ٦ کاتژمێر دراوە بە سەڵاحەدین دەمیرتاش.

### دەنگ و كورسی لایەنەكان لە پەرلەمانی توركیا

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی ١ تشرینی یەكەمی ساڵی ٢٠١٥، بۆ خولی بیست و شەشەمینی ئەنجومەنی نوێنەرانی توركیا، چوار لایەن سەركەوتنیان بەدەستهێنا، ئەم خشتەیەی خوارەوە، ژمارەی دەنگ و رێژەی سەددی و ژمارەی كورسی لایەنەكان نیشان دەدات لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە:

| پارتە سیاسیەكانی توركیا | ژمارەی دەنگەكان | رێژەی سەددی | ژمارەی كورسی |
|---|---|---|---|
| ئەكەپە | 23.673.541 | 49.41% | 317 |
| جەهەپە | 12.109.958 | 25.38% | 134 |
| مەهەپە | 5.691.737 | 11.93% | 40 |
| هەدەپە | 5.145.688 | 10.71% | 59 |
| پارت و كاندیدە سەربەخۆكان | 1223700 | 2.56% | 0 |

### سیناریۆیی دەنگەكانی پارتی دەسەڵاتداری توركیا (پارتی دادو گەشەپێدان)

لەم هەڵبژاردنەدا پشت بەست بە كۆمەلێک هۆكار، پێشبینی كەمبونەوەی دەنگەكانی پارتی دادو گەشەپێدان دەكرێت، بە بەراورد بە هەڵبژاردنەكانی دیكە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت كە ئەكەپە لەم هەڵبژاردنەشدا ناتوانێ براوەی یەكەمی هەڵبژاردنەكان بێت، بەڵكو هۆكارەكان كاریگەریان دەبێت لەسەر كەمبونەوەی ژمارەی كورسی و دەنگەكانی لە بەشێک لەناوچەكانی توركیا بەرێژەی جیاواز، ئەوەش لەبەر ئەم هۆكارانە:

١. سەرەرای ئەوەی لەرابردودا ئاک پارتی لە باكوری كوردستان توانیویەتی دەنگێكی زۆر بەدەستبهێنێت، بەڵام لەگەڵ دروستبونی پارتی دیموكراتی گەلان (هەدەپە)، هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن دەنگەكانی ئەكەپە كەمیكردووە، ئەوەش بەهۆی بەردەوامی و زۆربونی پشتیوانی هاوڵاتیانی باكور لە هەدەپە وەک گەورەترین پارتی كوردی لە توركیادا، بۆیە لەم هەڵبژاردنەشدا پێشبینی دەكرێ بەشێک لەدەنگەكانی ئاک پارتی بەرێژەیەكی دیاریكراو، بەبەراورد بە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠١٥ روو لەكەمبون بكات، ئەوەش بەهۆكاری:

- ✓ بەردەوامبون سزادانی ئەو كوردانەی پشتیوانی لە ئەكەپە ناكەن و ئەندام و لایەنگری پارتە كوردییەكانن، بە نمونە لەماوەی دو ساڵی رابردوادا لەمیانەی ئۆپەراسیۆنی دژ بە تیرۆر و دۆخی نائاسایی توركیا، حكومەت دەستی داوەتە بەر گرتنی ئەندام و لایەنگرانی (هەدەپە و بەدەپە)، هاوشانی گرتنی پەرلەمانتار و شارەدارانی ئەم دوو پارتە كوردییە لە توركیا. لە ئێستادا نزیكەی ٢٠ مانگە ١١ پەرلەمانتاری هەدەپە لەزینداندان، ١١ پەرلەمانتاری هەدەپە مافی پەرلەمانتاریان لێسەندراوەتەوە، نزیكەی ٥ هەزار ئەندام و لایەنگری هەدەپەو بەدەپە لەزیندانەكاندان، ئەوە جگە

لەدورخستنەوەی و هەزاران فەرمانبەری کورد لەکارەکانیان، هەر لە شارەدارەکانەوە بگرە بۆ فەرمانبەرە ئاساییەکان بە پاساوی پشتیوانی و پشتگیری لە تیرۆر.

- ✓ پەلاماردانی رۆژئاواو داگیرکردنی عەفرین لە چەند مانگی رابردوو، لەلایەن حکومەتەکەی ئەکەپەو بە پشتیوانی مەهەپە، لە ئێستاشدا بانگەواز دەکات هەوڵدان پەلاماردانی باشوری کوردستان (قەندیل و کەمپەکانی مەخمور و شەنگال) بە پاساوی لەناوبردنی پەکەکە و پاراستنی ئاسایشی قەومی تورکیا.
- ✓ نزیکبونەوەی ئەکەپەو مەهەپە لەماوەی سێ ساڵی رابردودا، بەو پێیەی مەهەپە یەکێکە لەو پارتە نەتەوەپەرستانەی تورکیا کە بەدرێژای تورکیا نەیاری سەرسەختی پرسی کورد بەوە لەو وڵاتەداو هەمیشەش پشتیوانی لە توانەوەی کورد دەکات لەنێو هەناوی نەتەوەی تورکدا، ئەم پارتە نەیارەی کورد لە تورکیا، لەماوەی سێ ساڵی رابردووادا توانیویەتی بر جۆرێک لەجۆرەکان کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەکەپە هەبێت بەرەو ئاراستەیەکی قەومی و دورکەوتنەوەی زیاتر و زیاتری ئەکەپە لە پرسی کورد لە تورکیاو ناوچەکەدا. ئەمەش بەرونی لە پشتیوانی مەهەپە بۆ ئەکەپە دەرکەوت لە پرسەکانی (دژایەتی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٧، پشتیوانی ئەردۆغان لە پەلاماردانی عەفرین، پشتیوانی لە ریفراندۆمی دەستوری تورکیا بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە لەبەرژەوەندی ئەردۆغان، دروستکردنی هاوپەیمانی کۆمار بۆ هەڵبژاردنەکانی تورکییا، لە ئێستاشدا پاڵپشتی کردنی ئەکەپە بۆ پەلاماردانی پەکەکە لەباشوری کوردستان). ئەم لێکنزیکبونەوەی ئەکەپەو مەهەپەو ئاوێتەبونیان لەنێو هاوپەیمانی کۆماردا سەرەنجام بەزیانی دەنگەکانی ئەکەپە دەشکێتەوە بەتایبەتی لەباکوری کوردستان.

٢. لە پاش هەوڵی کودەتاکەی ١٥ی تەموزی ٢٠١٦، لە تورکیادا باری نائاسایی ڕاگەیەندراوە تا ئێستاش حەوت جار ئەو ماوەیە درێژ کراوەتەوە. لە ماوەی باری نائاساییدا چەندین پێشیلکاریی مافی مرۆڤ و دادگایی کردنی نادادپەروەرانە، و دەستبەسەرا گرتنی چەندین دەزگاو دامەزراوە و دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی هەزاران هاوڵاتی لە کارەکانیان لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئاک پارتیدا جێبەجێ کراوە بەم جۆرە:

- ✓ فەسڵکردنی ١٥١٩٦٧ فەرمانبەری ئاسایی
- ✓ داخستنی ٣٠٠٣ زانکۆ و پەیمانگاو بەشی ناوخۆی خوێندکاران
- ✓ دەستگیرکردنی ٣١٩ رۆژنامەنوس
- ✓ داخستنی ١٨٩ دەزگای راگەیاندن
- ✓ دەستبەسەرکردنی ١٣٦٩٥٥ کەس
- ✓ زیندانیکردنی ٧٧٥٢٤ کەس
- ✓ فەسڵکردنی ١٠٨٤١ پلەداری سەربازی
- ✓ فەسڵکردنی ٤٤٣٨٥ مامۆستاو بەرێوبەری لەوەزارەتی پەروەردە

- ✓ ٨٥٧٣ کەسایەتی ئەکادیمی ئیشەکانیان لەدەستداوە
- ✓ دورخستنەوەی ٤٦٣٤ قازی و داواکاری گشتی
- ✓ فەسڵکردنی ٢٤٤١٩ پۆلیس لە دەزگای ئاسایشی گشتی
- ✓ فەسڵکردنی ١٦٤٠٩ خوێندکاری سەربازی ئەکادیمیای جەنگی
- ✓ فەسڵکردنی ٧١٥٩ دکتۆرو فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی
- ✓ فەسڵکردنی ٥٢١٠ پارێزگار و فەرمانبەری دیکەی ئیداری
- ✓ فەسڵکردنی٦١٦٨ فەرمانبەری وەزارەتی دادوەری
- ✓ فەسڵکردنی٣٠٩٠ ئیمام و مامۆستیا ئاینی لەسەرۆکایەتی کاروباری ئاینی[٩].

بەردەوامی باری نائاسایی و خراپی دۆخی ئەمنی تورکی نیگەرانی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەوە جگە لەوەی زۆرێک لەچاودێران بەردەوامی خراپی دۆخی ئەمنی و درێژکردنەوەی باری نائاسایی، بەهۆکاری تەشەنەسەندی کێشە ئابورییەکانی ئەم دواییەی تورکیا دەزانن، بۆیە بەدڵنیاییەوە بەشێک لەو کەسانەی پێشتر دەنگیان بە ئەکەپە داوە، نیگەرانن لە بارودۆخەکە و پێیان وایە ئەگەر دەنگ بە ئەکەپە بدەنەوە ئەوا ئەم دۆخە بەم جۆرە بەردەوامی دەبێت، کە نزیکەی سێ ساڵە بەم شێوەیە درێژەی پێدەدرێت.

٣. کێشەی ئابووری: ئابوری تورکیا لە دۆخێکی خراپدایە، بەهای لیرە بەردەوامە لەدابەزین، رێژەی هەڵئاوسان لەبەرزبونەوەدایە، رێژەی بێکاری لەچاو ساڵی رابردوو زیادی کردووە، کەرتی گەشتیاری داهاتەکەی لەچاو رابردودا زۆر دابەزیوە ...) هەموو ئەمانە دۆخی ئابوری تورکیایان روەو ئاراستەیەکی نادیار سەرچاوە پێگرتووە، ئەکەپەو ئەردۆغان دەیانزانی ئەم کێشە ئابوریانەی ئێستای تورکیا وا بە ئاسانی تا ماوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ئایندەی تورکیا کۆنترۆڵ ناکرێن، بۆیە بەر لەهەر ئەگەرێکی نەخوازراو بریاریاندا وادەی هەڵبژاردنەکان پێش بخەن.

لە ئێستادا بەشێکی زۆر لەهاوڵاتیانی تورکیاو ئەندام و لایەنگرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەردۆغان و پارتەکەی بە هۆکاری کێشە ئابوریەکانی تورکیا دەزانن، پێیان وایە حکومەتەکەی ئەکەپە لە توانایدا نییە کێشە ئابوریەکانی تورکیا چارەسەر بکات، بۆیە بەدڵنیایەوە بەشێک لەوانەی پێشتر دەنگیان بە ئەکەپە داوە، لە پێناو ئایندەیەکی باشترو سەقامگیری ئابوری دەنگ دەبەخشنە لایەنێکی دیکەی تورکیا.

---

[٩] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : انهيار دولة القانون فی تركيا، مركز نسملت للدراسات الاجتماعية و الحضارية، مايو ٢٠١٨، ص ٥٩-٦٠
لقد تم رصد هذه ألرقام بناء عل ٣١ مرسوم طوارئ أصدرته السلطة الحاكمة يف تركيا بدءا من ٢٣ يوليو ٢٠١٦ إل ٢٠١٨ .كام تم االعتامد عل تقارير منظامت دولية مستقلة. ملزيد من التفاصيل
: http://turkeypurge.com/purge-in-numbers-2

### سیناریۆ پێشبینیکراوەکان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان

لەتێروانین بۆ بارودۆخی ئێستای تورکیاو کەمپەینی هەڵبژاردنی لایەنە بەشداربووەکانی ئەم هەڵبژاردنە، بەگشتی چەند سیناریۆیەک چاوەڕوان دەکرێن، کە لە ئەنجامی هەردوو هەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتیەکەی تورکیا بێنە ئاراوە، بەم شێوەیە:

**١. لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەدا**

- ✓ بەهۆی بەهێزی ڕکابەرەکانی و زۆری بژاردەکانی بەردەم دەنگدەرانی تورکیا، پێناچێت ئەرۆغان و هیچ کاندیدێکی دیکە، بتوانن لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا زۆرینە بەدەست بهێنن، چونە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەهێزترین سیناریۆیە.
- ✓ ئەرۆغان ئەگەر لە خولی یەکەمدا زۆرینە بەدەست نەهێنێت، ئەگەر زۆرە لە خولی دووەمدا بتوانێت زۆرینە مسۆگەر بکات، سەرەرای هەموو ئەو هۆکارانەی کە باسکران دەربارەی کەمبونەوەی دەنگی ئەکەپە و ئەردۆغان، بەڵام تا ئێستاش ئەردۆغان چانسی سەرکەوتنی زۆرترە.
- ✓ (موحەرەم ئینجە) کاندیدی جەهەپە، لە ئێستادا بەهێزترین کاندیدی سەرۆکایەتییە لەدوای ئەردۆغان، بۆ ڕکابەری کردن لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا. بۆیە پێدەچێ موحەرەم ئینجە بە ئەگەرێکی زۆر و دواتر میراڵ ئاکشینار بە ئەگەرێکی کەمتر، لەگەڵ ئەردۆغان بمێننەوە بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان. هەریەک لە سەلاحەدین دەمیرتاش و تەمەل کەرەموڵلا و دۆغۆ پەرینجەک، بە پێی ئەم ریزبەندییە چانسی ڕکابەری کردنیان لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا هەیە.
- ✓ سەلاحەدین دەمیرتاش پێدەچی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا دەنگێکی زۆر بەدەستبهێنێت بەتایبەت لە پارێزگاکانی باکوری کوردستان، بە پێی ئەنجامی زۆربەی ڕاپرسییەکان دەمیرتاش دەتوانێ نزیکەی (١٠٪ بۆ ١٥٪) دەنگەکان بەدەست بهێنێت. واتە دەمیرتاش تەنانەت چانسی ئەوەی هەیە لە هەدەپە زیاتر دەنگ بهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا.
- ✓ میراڵ ئاکشینار وەک کاندید چانسی سەرکەوتنی زیاترە لە پارتەکەی، واتە پێشبینی دەکرێت، ئەم کاندیدە دەنگی زۆرێک لە دەنگدەرە نەتەوە پەرستەکانی تورکیا بۆ خۆی ڕاکێشێ، بەو پێیەی مەهەپە لەم هەڵبژاردنەدا کاندیدی بۆ سەرۆکایەتی نییەو پشتیوانی لە ئەردۆغان دەکات، بەڵام پێناچێ زۆرینەی دەنگدەرانی مەهەپە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەنگ بە ئەردۆگان بدەن، بەشێکیان دەنگیان بۆ میراڵ ئەکشینار و کاندیدەکانی دیکە دەچێ.

## ٢. دەربارەی دەنگی پارتەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا

- ✓ چاوەروان دەکرێت لە کۆی ئەو هەشت پارتەی بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا دەکەن، لەم هەڵبژاردنەدا پێنج یاخود شەش لایەن، بگەنە پەرلەمانی تورکیا بەم جۆرە (ئەکەپە، مەهەپە لەهاوپەیمانێتی کۆمار) (جەهەپە، ئیی پارت و پارتی سەعادەت لەهاوپەیمانێتی گەل) و (پارتی دیموکراتی گەلان: هەدەپە)، بە پێی زۆرێک لە پێشبینیەکان لەم هەڵبژاردنەدا هەردوو هاوپەیمانێتیەکە دەتوانن بەربەستی ١٠٪ پەرلەمانی تێپەر بکەن و گرەنتی ئەو پێنج پارتە بکەن بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا، لەدەرەوەی هاوپەیمانێتیەکانیش هەدەپە تاکە پارتە کە چانسی تێپەرکردنی بەربەستی ١٠٪ هەڵبژاردن و گەشیتن بە پەرلەمانی تورکیای هەیە.
- ✓ ئەوەی پەیوەستە بە کورسی لایەنەکانەوە، لە کۆی ٦٠٠ کورسی پەرلەمانی، پێدەچێ ئەکەپە لە ریزبەندی یەکەمدا بێت، جەهەپە لەریزبەندی دووەم، هەدەپە لە ریزبەندی سێهەم، مەهەپە لە ریزبەندی چوارەم، ئیی پارت لە ریزبەندی پێنجەم و پارتی سەعادەت لەریزبەندی شەشەمدا بێت.
- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا ئەکەپە سەرەرای ئەو هۆکارانەی باسکران بۆ کەمبونەوەی دەنگەکانی، بەڵام هێشتا چانسی سەرکەوتنی زۆرترە، بۆ ئەوەی ببێتە پارتی براوەی هەڵبژاردنەکان، بەڵام بردنەوە چەند ئەگەرێکی لێ چاوەڕوان دەکرێت:
  - بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان واتە (٣٠٠+١)ی کورسییەکان، لەم حاڵەتەدا ئەکەپە دەتوانێت بەتەنها حکومەت پێک بهێنێت.
  - بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان و زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان، بەڵام کورسییەکانی ئەکەپە نەگەنە سەروو ٣٠٠ کورسی، تەنانەت ئەگەر خودی ئەردۆغان لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی براوە بێت و (جەهەپە و ئیی پارت و هەدەپە) بتوانن بەربەستی ١٠٪ دەنگەکان تێپەربکەن و ژمارەیەکی زۆر کورسی بەدەست بهێنن. ئەمە نەخوازراوترین سیناریۆیە بۆ ئەکەپە لەم حاڵەتەدا ئەگەر زۆرە هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ٧ حوزەیرانی ٢٠١٥، راستەوخۆ پەنا بباتە بەر دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان بۆ دەستەبەرکردنی زۆرینەی پەرلەمانی.
  - لە حاڵەتی بەدەستنەهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی لەلایەن ئەکەپەوە و دوبارەنەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان، بەڵام لەگەڵ مەهەپە بتوانێ زۆرینە دروست بکات. ئەگەر هەیە بە ناچاری ئەکەپە پەنا بباتە بەر حکومەتی هاوپەیمانی بە پشتیوانی مەهەپە وەک پارتی هاوپەیمانی بۆ دروستکردنی زۆرینەی پەرلەمانی و دروستکردنی حکومەتی تورکیا. بەڵام ئەم سیناریۆیە لەچاو دوو سیناریۆکەی دیکە چانسی رودانی کەمترە.
  - لەحاڵەتێکدا لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان (هەدەپە، جەهەپە، ئیی پارت و سەعادەت) بتوانن زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستبهێنێن و هەوڵبدەن حکومەتی زۆرینە دروست بکەن، هەرچەندە لەم قۆناغەدا چانسی رودانی ئەم سیناریۆیە زۆر نییە، بەڵام

بێشک لە ئەگەری روودانیدا دۆخی سیاسی و ئەمنی تورکیا پێدەنیتە قۆناغێکی ئاڵۆزەوە، چونکە ئەردۆغان و ئەکەپە وا بەئاسانی، بەتایبەت لەم کاتەدا ئامادەنابن ملبدەن بۆ روودانی دۆخێک لەم شێوەیەو پێکهێنانی حکومەتێک بدەن بەبێ ئەکەپە. بەتایبەت لەو قۆناغەی کە بۆ یەکەمینجارە سیستەمی سیاسی سەرۆکایەتی لە تورکیادا مومارەسە دەکرێت لە تورکیادا، چونکە ئەکەپە دەیەوێت ئەم سیستەمە تەنها لەسایەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و داوەری خۆیدا مومارەسە بکرێ، وەک ئەوەی ئەکەپە خۆی داهێنەری ئەم بیرۆکەیە بوو، چونکە گەر ئۆپۆزسیۆن براوە بێت، جارێکی دیکە پرسی بە پەرلەمانی کردنەوەی سیستەمی سیاسی تورکیا دێتە ئاراوە.

## تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیا

لەئەنجامی ریفراندۆمە دەستورییەکەی ١٦ نیسانی ٢٠١٧ لە تورکیا، ١٨ ماددەی دەستوری تورکیا هەموارکرا، ماددە هەموارکراوەکانیش تایبەت بوون بە گۆرانکاری لە سیستەمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، تەواوی ماددەکانیش پەیوەست بوون بە پۆست و دەسەڵاتەکانی (سەرۆك کۆمار، دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)، دەسەڵاتی باڵای دادوەری و دادگای دەستوری).
لە ئێستادا وا بریارە لەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتیەکەی ٢٤ حوزەیرانی تورکیا، سیستەمی سیاسی ببێتە سیستەمی سەرۆکایەتی، ئەمانەی خوارەوەش دیارترین تایبەتمەندییەکانی سیستەمی نوێی سەرۆکایەتی تورکیایە لەمیانەی دەسەڵاتەکانی (سەرۆک کۆمار، ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا، ئەنجومەنی دادوەری) بەم جۆرە:

### یەکەم. دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار

١. سەرۆك کۆمار پۆستی (سەرۆکی دەوڵەت: سەرۆکی حکومەت)، لە دەستی خۆیدا کۆدەکاتەوەو ئەرکی دەسەڵاتی راپەراندنی وڵاتی لە ئەتسۆدایە.
٢. لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٤ حوزەیران، پۆستی سەرۆك وەزیران نامێنێت و ئەرك و دەسەڵاتی راپەراندن بە رەچاوکردنی دەستور و یاساکان بەشێوەیەکی گونجاو لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە بەڕێوەدەبرێت.
٣. سەرۆك کۆمار کابینەی حکومەت پێکدەهێنێت و پۆستی سەرۆك وەزیران نامێنێت، واتە سەرۆک ناچار نابێت وەک رابردوو پەنا بۆ پەرلەمان ببات بەمەبەستی کۆکردنەوەی زۆرینە.
٤. سەرۆك کۆمار، جێگرانی سەرۆك کۆمار و وەزیرەکان دادەمەزرێنێت و کۆتاییش بە ئەرکەکانیان دەهێنێت.
٥. سەرۆك کۆمار، دەتوانێت جێگر یان چەند جێگرێك بۆ خۆی دابمەزرێنێت.
٦. جێگرانی سەرۆك کۆمار و وەزیرەکان لەنێوان ئەو کەسانەی توانیویانە ببنە پەرلەمانتار لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە دیاری دەکرێن و دەست لە کاری پەرلەمانتاری دەکێشنەوە.
٧. سەرۆك کۆمار فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی تورکیایە.
٨. سەرۆك کۆمار پەیوەندی لەگەڵ پارتەکەی ناپچڕێنێت. بەو واتایەی سەرۆك دەکرێت لەیەك کاتدا سکرتێری حزب و سەرۆك کۆماری وڵاتیش بێت.
٩. سەرۆك کۆمار لەدۆخی گونجاوی هەلومەرجی یاسادا دەتوانێت باری نائاسایی رابگەیێنێت و پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە.
١٠.بودجە لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت.
١١.سەرۆك کۆمار لەبارەی بابەتەکانی دەسەڵاتی راپەڕاندن مەرسومی سەرۆك کۆماری دەردەکات.
١٢.کاتێك سەرۆك کۆمار بە پێویستی بزانێت گۆڕانکاری یاسایی لە دەستوردا بکرێت، ئەوا پێشکەشی گەلی دەکات تاوەکو دەنگی لەسەر بدات.

١٣.مەرسومەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بە کارپێنەکراو هەژمار دەکرێت لە حاڵەتی دەرکردنی یاسایەك لەلایەن پەرلەمانەوە، کە لەسەر هەمان بابەت بێت کە لەمەرسومەکەدا هاتووە.
١٤.ماوەی ویلایەتی سەرۆك کۆمار پێنج ساڵ دەبێت. یەك کەس دەتوانێت تەنیا دوو خول خۆی بۆ سەرۆك کۆمار خۆی هەڵبژێرێت.
١٥.لە دوای مردنی سەرۆك کۆمار یان نەخۆشکەوتنی (جێگرەکەی) ئەرکەکانی بەڕێوە دەبات کە پێشتر سەرۆك کۆمار بۆ هەمان مەبەست دەسنیشانی کردووە.
١٦.ئەو پارتانەی کە دەیانەوێت پاڵێوراوی سەرۆك کۆماریان هەبێت، پێویستە لانی کەم ٥%ی کۆی دەنگەکانی وڵاتیان بەدەستهێنابێت، یان ١٠٠ هەزار دەنگدەر ئیمزایان بۆ بکات.
١٧.ئەو پاڵێوراوەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا توانی٥٠+١ واتە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بە سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت. ئەگەر هیچ یەکێک لە کاندیدەکان نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، ئەوا دووان لەو کاندیدانەی خاوەن زۆرترین دەنگەکانن دەچنە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان و کێبرکێ دەکەن، هەر یەکێکیان توانی زۆرتین دەنگ بەدەست بهێنێت دەبێت بە سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ ماوەی ٥ ساڵ.
١٨.تەمەنی ئەو کەسەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار دەپاڵێوێت دەبێت لەسەرو ٤٠ ساڵ بێت و هاوڵاتی تورکی بێت و هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆس بێت.

**دووەم. لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)**

١. دەسەڵاتی یاسادانان و هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی یاسا، لەدەستی پەرلەماندا دەبێت.
٢. ژمارەی پەرلەمانتاران لە ٥٥٠ پەرلەمانتارەوە دەبێتە ٦٠٠ پەرلەمانتار.
٣. تەمەنی خۆپاڵاوتن بۆ پەرلەمان لە ٢٥ ساڵییەوە کرا بە ١٨ ساڵ.
٤. هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆك کۆماری تورکیا پێنج ساڵ جارێك و لە یەك ڕۆژدا ئەنجامدەدرێت.
٥. پەرلەمان دەسەڵاتی چاودێریی و زانیاری وەرگرتن لەڕێگەی "بەدواداچوونی پەرلەمان"، "کۆبوونەوەی گشتیی"، "لێپرسینەوەی پەرلەمان" و "پرسیاری نووسراو" بەکاردەهێنێت.
٦. بەمەبەستی رونکردنەوەی یاساکان مەرسومی سەرۆك کۆماری دەرناکرێت
٧. پەرلەمان دەتوانێت بەدەنگی ٥/٣ ئەندامانی دۆسیەی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ سەرۆك کۆمار، جێگرانی سەرۆك کۆمار و وەزیرەکان بکاتەوە. ئەو سەرۆك کۆمارەی بڕیار دەدرێت لەبارەیەوە دۆسیەی لێکۆڵینەوەی لە دژ بکرێتەوە، ناتوانێت بڕیاری هەڵبژاردن بدات.
٨. پەرلەمانی تورکیا دەتوانێت بە دەنگی ٥/٣ پەرلەمانتاران بڕیاری سەرلەنوێ ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن بدات.
٩. پەرلەمان بە دەنگی ٣/٢ ئەندامانی واتە ٤٠٠ دەنگ لەکۆی ٦٠٠ دەنگ، دەتوانێ متمانە لە سەرۆك کۆماری وڵات بسەنێتەوە.
١٠.دوای دەستبەکاربونی پەرلەمانتاران لە پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار و وەزیر، ئەندامێتییان لە پەرلەمان کۆتایی پێدێت.

**سێهەم. لەسەر ئاستی دەسەڵاتی دادوەری (ئەنجومەنی باڵای دادوەری)**

١. ناوی فەرمانگەی باڵای داواکارانی گشتیی و دادوەران، بۆ فەرمانگەی داواکارانی گشتیی و دادوەران دەگۆڕێت.
٢. ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە ١١ ئەندام پێکدێت، سەرۆك كۆمار ٤ ئەندامیان دادەمەزرێنێت و پەرلەمانیش ٧ ئەندامەکەی دیکەی دەست نیشان دەکات.
٣. وەکیلی وەزارەتی دادوەری هەمیشە لە ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا کورسیەکی دەبێت.
٤. ئەنجومەنی باڵای سەربازی و دادگای سەربازی هەڵدەوەشێنەوە.

**چوارەم. لەسەر ئاستی دادگای دەستوری**

١. جگە لە دادگا دیسپلینەکان، دادگای سەربازی دروست ناکرێت.
٢. ئەنجومەنی باڵای سەربازی، دادگای تێهەڵچونەوەی سەربازی و دادگا سەربازییەکان هەڵدەوەشێنەوە.
٣. ژمارەی کورسییەکانی دادگای دەستوری لە ١٧ کورسییەوە بۆ ١٥ کورسی کەم دەبێتەوە.

## ئەنجام

ئەم هەڵبژاردنە گرنگترین هەڵبژاردنە لە مێژوی هاوچەرخی تورکیادا. بەو پێیەی بۆ یەکەمین جارە پاش هەمواری دەستوری تورکیا ئەزمونی دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی لەیەک کاتدا تاقیدەکرێتەوە. هاوکات بۆ یەکەمینجارە لەپاش هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی تورکیا سیستەمی هاوپەیمانی لیستەکانی بۆ هەڵبژاردنەکانی تورکیا کاری پێبکرێت.
ئەم هەڵبژاردنە لەمێژوی تورکیادا دەبێتە حەوتەم هەڵبژاردنی پێشوەختەو بیست و حەوتەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی و دوەمین هەڵبژاردنی راستەخۆی سەرۆکایەتی لە تورکیادا.
هەشت پارتە سیاسییە رکابەرەکەی ئەم هەڵبژاردنە، دەخوازن لەپاڵ بردەنەوەی زۆرینەی پەرلەمانی هاوکات پۆستی سەرۆک کۆماری وڵاتیش مسۆگەر بکەن، یاخود ئەو کاندیدە بکەنە براوە کە هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا بەستووە.
لەدوای هەڵبژاردنەکان چاوەروان دەکرێت نەخشەی سیاسی تورکیا بەتەواوەتی بگۆرێت، بەو پێیەی تورکیای داهاتوو تورکیایەکی خاوەن سیستەمی سەرۆکایەتییە نەک پەرلەمانی، سەرۆک کۆماری ئاییندەی تورکیا جیاواز لەرابردوو دەبێتە خاوەن زۆرینەی دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی تورکیا، هاوکات پۆستی سەرۆک وەزیران نامێنێت و سەرۆک کۆمار دەچێتە لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە. لێرەشەوە دەسەڵاتەکانی دیکە بەتایبەت پەرلەمان بەرامبەر سەرۆکی وڵات ناتوانێ رۆڵی چاودێری و لێپرسینەوەی وەک رابردوی بمێنێت، بەو پێیەی سەرۆک لەبەردەم گەل بەرپرسیار دەبێت نەوەک پەرلەمان.
لەلایەکی دیکە پەرلەمانی نوێی تورکیا بەتەواوەتی جیاواز دەبێت لە پەرلەمانەکانی پێش خۆی، ئەوەش بەهۆی هاوپەیمانی هەڵبژاردنی لایەنەکانەوە. بەم پێیەش چاوەڕوان دەکرێت پەرلەمانی داهاتووی تورکیا فرە رەنگی و فرە فراکسیۆنی زیاتر بەخۆیەوە بینێ، بۆ ئەم خولەی پەرلەمانیش پێشبینی دەکرێت نزیکەی شەش پارتی سیاسی بگەنە پەرلەمانی تورکیا، ئەوە لەکاتێکدا پەرلەمانەکانی رابردوو بەهۆی بەربەستی ١٠% هەڵبژاردن سێ یاخود چوار پارتی سیاسی دەیانتوانی بگەنە پەرلەمانی ئەو وڵاتە. بەم هۆکارەش رۆڵی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە پەرلەمانی داهاتوی تورکیا لە هەموو حاڵەتەکاندا لە پەرلەمانی ئێستای بەهێزتر دەبێت.
بۆ نمونە بەربژێرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەتایبەتی (موحەرەم ئینجە، میراڵ ئاکشینار، سەلاحەدین دەمیرتاش) رایانگەیاندوە کە یەکەمین کاری خۆیان لەحاڵەتی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ریفراندۆمە دەستورییەکەی ٢٠١٧ و گێرانەوەی سیستەمی پەرلەمانی بۆ تورکیا. چونکە لە سایەیی سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیادا سەرۆکی نوێی هەڵبژێردراوی دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر، کە هیچ دەسەڵاتێکی دیکە ناتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات. هاوکات سەرۆک جگە لەدەسەڵاتە جێبەجێکارییەکان دەبێتە خاوەن بریاری (دەرکردنی یاساو دەستنیشانکردنی کاتی هەڵبژاردنەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و لابردنی دادوەرانی باڵا لە کارەکانیان...)

یەکێکی دیکە لەخاڵە هاوبەشەکانی کارنامەی کاندیدانی رکابەری پۆستی سەرۆک کۆمار و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بریتییە لە قسەکردن لەسەر دۆخی ئابوری تورکیاو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابورییەکانی ئەو وڵاتە، لەوانەش قەیرانی دابەزینی بەهای لیرە، زیادبونی کێشەی بێکاری، زیادبونی قەبارەی هەڵئاوسان... هتد. هاوکات کۆتای هێنان بە دۆخی باری نائاسایی تورکیا لەپاش کودەتا سەربازییەکای ساڵی٢٠١٥ لەسایەی حکومرانی ئەکەپەدا، بەو پێیەی لەوکاتەوە تا ئێستا حەوت جار ماوەکەی درێژکراوەتەوە، ئەوە بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵیش دەچێت کۆمەڵگای تورکیا بەهۆی باری نائاساییەوە روبەروی دەیان کێشەی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی ... بوەتەوە.

لای خۆیەوە ئەردۆغان و ئەکەپە ئامانجییانە لەپاڵ بردنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا زۆرینەی پەرلەمانی بۆ پارتەکەیان مسۆگەر بکەن، ئەوەش بەو مەبەستەی بۆ پێنج ساڵی دیکە، تورکیا لەسایەی سیستەمی سەرۆکایەتی خاوەن دەسەڵاتێکی بێشومار و زۆرینەی پەرلەمانی بەرێوە ببرێت. لە کەمپەینی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ئەکەپە زیاتر پشتی بەستوە بە وتاری قەومی و ئاینی و شانازی کردن بە دەسکەوتەکانی ١٦ ساڵی رابردوی پارتەکەیان لە تورکیادا. ئەوەش کە پەیوەندی هەیە بە کێشەی ئابوری و دۆخی نائاسایی لە تورکیا، ئەمان پاساوەکەی بۆ نەبونی دەسەڵاتێکی بەهێز دەگەرێننەوە، پێیان وایە ئەوەی گرەنتی چارەسەری کێشەکانی تورکیا دەکات، سیستەمی سەرۆکایەتی و ئەو دەسەڵاتانەیە کە سیستەمی نوێ بە سەرۆک کۆماری ئایندەی تورکیای دەبەخشێت.

ئەوەی پەیوەستە بە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) وەک تاکە پارت کە نوێنەرایەتی گەلی کورد و کەمە نەتەوەکانی دیکەی تورکیا دەکات، لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری لەهیچ یەکێک لەهاوپەیمانێتییەکان نەکردوە، بەشێک لەچاودێران ئەمە بە مەترسی بۆ هەدەپە دەخوێننەوە، لە تێنەپەراندنی بەربەستی ١٠% هەڵبژاردن، بەو پێیەی پەرتەکانی دیکەی وەک (مەهەپە و ئیی پارت و سەعادەت) لەم هەڵبژاردنەدا بەچونە نێو هاوپەیمانێتی ئەکەپەو جەهەپە بە جۆرێک لەجۆرەکان گرەنتی گەیشتن بەپەرلەمانیان مسۆگەر کردوە، ئەگەر دەنگەکانیشیان نەگاتە ١٠%. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەحەدای هەدەپە بۆ دابەزینی بە لیستێکی جیا، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم پارتە دڵنیایە لە سەنگ و پێگەی جەماوەری خۆی، بەو پێیەی نەک بەربەستی ١٠% تێپەر دەکات، بەڵکو ئامانجیەتی کورسییەکانی لە ٥٩ کورسی پەرلەمانیەوە بۆ سەرو ١٠٠ کورسی پەرلەمانی بەرز بکاتەوە.

هەدەپە ئەمجارەش سەلماندویەتی پارتی سەرجەم گەلانی تورکیایە لە لیستە پەرلەمانیەکەشیدا تێکەڵەیەکی (نەتەوەی و ئێتنی و ئاینی و مەزهەبی) دروستکردوە. لەلایەکی دیکەوە جیاواز لە حەوت پارتەکەی دیکەی رکابەری، ژنان لەنێو لیستی هەدەپەدا پشکی شێریان بەرکەوتوەو بەم جۆرەش هەدەپە لەریزبەندی یەکەمی پارتەکانی تورکیا دێت، کە لیستەکەی زۆرترین ئافرەت لە خۆی دەگرێت. هاوکات کاندیدکردنی (سەلاحەدین دەمیرتاش) وەک تاکە بەربژێری کورد بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا لە زیندانەوە ورەیەکی باشی بە هەدەپەو دەنگدەرانی هەدەپەو تەواوی دەنگدەرانی تورکیا بەخشیوە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. هاوکات شەڕی ئەمجارەی دەمیرتاش لە زیندانەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا تەنها شەڕی دەنگ و کورسی نییە بەڵکو شەڕی

ئیرادەیەو دەمیرتاش سەلماندویەتی کە زیندانیکردنی لە پرۆسەی سیاسی دوری ناخاتەوەو لەو یاریگایە ناکشێتەوە کە ڕکابەری ئەردۆغان و ئەکەپەو دەسەڵاتدارانی تورکیای تێدا دەکات. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە پێگەی دەمیرتاش لە هەڵبژاردنەکاندا، هەدەپە نەیشاردوەتەوە کە ئەگەر بێت و دەمیرتاش نەتوانێ بگاتە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان، ئەوە دەنگ دەدەن بەو کاندیدەی کە ڕکابەری ئەردۆغان دەکات.

سەرچاوەکان

## کتێب و نوسراوی کوردی


١. گەیلان عەباس، گۆڕانکارییەکانی تورکیاو کاریگەرییان لەسەر پێگەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بنکەی ژین، ٢٠١٨، سلێمانی.
٢. گەیلان عەباس، پێگەی کورد و هەدەپە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیادا، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥/٦/٥.
٣. گەیلان عەباس، مانیفێستی هەدەپە و هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا، ، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥/١٠/٢٥.
٤. گەیلان عەباس، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و هۆکاری زیادبونی دەنگەکانی ئەکەپە ، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥/١١/١٥.


## کتێب و نوسراوی عەرەبی


٥. محمد ابو سعدة، تركيا بعد الأنتخابات و السيناريوهات و المسارات، المعهد المصرى للدراسات، اسطنبول، تركيا، ٢١ مايو ٢٠١٨.
٦. د.عثمان علي، الأنتخابات و مستقبل المسألة الكردية، المعهد المصرى للدراسات، اسطنبول، تركيا، ٣٠ مايو ٢٠١٨.
٧. د. سعيد الحاج، البرامج الأنتخابية اللأحزاب التركية ٢٠١٨، المعهد المصرى للدراسات، اسطنبول، تركيا، ٣٠ يونيو ٢٠١٨.
٨. محمد نوردين، تركيا - الجمهورية الحائرة، مركز الدراسات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق، لبنان، ١٩٩٨.
٩. د.طارق عبدالجليل، العسكر و الدستور فى التركيا (من القبضة الحديدية الى دستور بلا عسكر)، الطبعة الثانية، دار نهضة مصر للنشر، مصر، ٢٠١٣.
١٠. انتخابات برلمانية و رئاسية تركية مبكرة: الدوافع و التحديات، مركز الجزيرة للدراسات، دوحة، قطر، ٢٢ ابريل ٢٠١٨.
١١. الأنتخابات البرلمانية التركية: النتائج و التداعيات، المركذ العربى الابحاث و الدراسة السياسات، قطر، ٢٠١٥.


## ماڵپەرە کوردییەکان


١٢. حەوت کەس کێبرکێی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی تورکیا دەکەن؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.kurdistan24.net/so/news/57aeba45-6072-429e-b984-f3fef7ac8e1e
١٣. چوار پارتی تورکیا هاوپەیمانێتییەک بەرامبەر ئەردۆغان پێکدەهێنن؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/020520181
١٤. تورکیا.. شەش پارت و ڕێکخراوی چەپ پشتگیری خۆیان بۆ هەدەپە ڕاگەیاند؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/News.aspx?id=444&MapID=3
١٥. دەمیرتاش: وەك سەرۆك كۆمارێك دێم بۆ ئەوەی كۆتایی بە سیستەمی تاكەكەسی بێنم؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/News.aspx?id=670&
١٦. تورکیا؛ کاندید و هاوپەیمانەکانی هەڵبژاردن کێبرکێ لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دەکەن؛
http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=54582&babet=4&relat=1024
١٧. هەدەپە دەست بە بڵاوکردنەوەی مانیفێستۆی هەڵبژاردنەکان دەکات؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=54362&babet=1&relat=1024
١٨. لە تورکیا و باکووری کوردستان ١٠ پارت دەتوانن بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/220420182
١٩. باکووری کوردستان ١٣١ کورسی لە پەرلەمانی تورکیا هەیە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/220420181
٢٠. ئاسایشی هەڵبژاردن نیگەرانیی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیای لێکەوتووەتەوە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/29052018
٢١. تورکیا؛ کاندید و هاوپەیمانەکانی هەڵبژاردن کێبرکێ لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دەکەن؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=54582&babet=4&relat=1024
٢٢.ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن لە تورکیا؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.kurdpress.com/ku/details.aspx?id=6552
٢٣.پارتی گەلی کۆماری پەرلەمانتارێکی بۆ ڕکابەریی ئەردۆغان دیاریکرد؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/News.aspx?id=97&MapID=3
٢٤.تورکیا.. ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردن لە ٢٤ی حوزەیراندا درێژەی هەیە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8...
٢٥.قۆناغەکانی هەڵبژاردنی تورکیا دەستی پێکرد؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9...
٢٦.تورکیا.. ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردن لە ٢٤ی حوزەیراندا درێژەی هەیە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8...
٢٧.لیستی کاندیدەکانی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8...
٢٨.تیروپشکی ریزبەندیی پارت و قەوارە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی تورکیادا؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88...
٢٩.لیرە..مۆتەکەی ئەردۆغان؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://knwe.org/?p=18789
٣٠.بەهای لیرە..کۆسپی بەردەم ئەردۆغان و ئەنکەرە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://knwe.org/?p=17815
٣١. هەدەپە تاکە حیزبە زۆرترین پاڵێوراوی ژنی لە ئاستی تورکیادا هەیە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/%DA%98%D9%86%D8...
٣٢.ئەردۆگان بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵێکی هێناوەتە پێش؟؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.awene.com/2018/04/19/85221/
٣٣.« سەلاحەدین دەمیرتاش» کێیە؟؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=8933&ID_map=24
٣٤.هەدەپە زۆرترین ژنی کاندید کرد؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/%DA%98%D9%86%D8...
٣٥.دەمیرتاش: ئاکەپە پشتیوانی کوردەکانی لەدەستداوە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=17018
٣٦.ڕکابەرێکی ئێردۆغان: من نابم بە سەرۆکێکی حیزبی؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=17014
٣٧.بەڵێنەکانی موحەڕەم ئینجە کاندیدی جەهەپە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=16116
٣٨.ڕکابەرەکەی ئێردۆغان چی بۆ کورد دەکات؟؛ پێگەی ئەلیکترۆنی: پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=16852
٣٩.موحەڕەم ئینجە بەڵێنی چارەسەری کێشەی کورد دەدات؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=16914
٤٠.بە فەرمی ٦ کاندیدی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا دیاریکران؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=15505
٤١.لە تەلەفزیۆنی فەرمی تورکیا ١٨ چرکە بۆ دەمیرتاش تەرخانکراوە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/030620183
٤٢. هەدەپە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر پارتەکەیان بڵاو دەکاتەوە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=17067
٤٣.ئەردۆغان لە کۆبوونەوەی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی هەڵبژاردندا ئامانجەکانی ئاشکراکرد؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9...
٤٤.بەهۆی هێرشەکانی سەر عەفرینەوە دەنگی ئاکەپە لە ناوچە کوردییەکان دادەبەزێت؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=14053
٤٥.پەروین بولدان: تەنها کوردێکیش دەنگ بە مەراڵ ئاکشەنەر نادات؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=15888

٤٦. هەدەپە ملیۆنێک برۆشۆری کوردیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن چاپکرد؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/%DA%95%DB%86%DA...
٤٧. ئێردۆغان لە ماوەی مانگێکدا ٨٠٦ جار و لە ١٢ کەناڵەوە دەرکەوتووە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=12445
٤٨. دەمیرتاش لە زیندانەوە قسە دەکات و TRT پەخشی دەکات؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=16997
٤٩. «مانیفێستی هەڵبژاردن»-ی دەمیرتاش؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/%D9%83%D9%88%D9...
٥٠. هەدەپە جاڕنامەیەك دەربارەی هاوپەیمانەتیی کوردان بۆ هەڵبژاردن بڵاودەکاتەوە؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/%DA%A9%D9%88%D8...
٥١. ژمارەی کاندیدە ئافرەتەکانی هەڵبژاردنی تورکیا زۆر کەمە!؛ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=16445

## ماڵپەرە عەرەبییەکان

٥٢. أصوات الأكراد محط اهتمام التحالفين الانتخابيين؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/49034
٥٣. الانتخابات المبكرة.. كيف ولماذا اتُّخذ القرار التاريخي؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/48119
٥٤. تركيا.. أصوات الأكراد والقوميين ستحدد الرئيس؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/48192
٥٥. تعرف على مرشحي الرئاسة التركية؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/48976
٥٦. تعرف على رؤساء تركيا منذ تأسيسها وحتى الآن؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/48694
٥٧. كيف ستكون الانتخابات الرئاسية والبرلمانية؟؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/48365
٥٨. تركيا.. "اللجنة العليا" تعلن الجدول الزمني للانتخابات؛ على الموقع:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%A5...
٥٩. لأول مرة في تركيا.. صنادق اقتراع متنقلة لذوي الاحتياجات الخاصة؛ على الموقع:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9...
٦٠. تركيا.. نحو الجمهورية الثانية؛ على الموقع:
http://www.aljazeera.net/knowledgegate/newscoverage/2017/5/10/%D8%A...
٦١. صلاح الدين ديمرطاش؛ على الموقع:
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2014/7/6/%D8%B5%D9...
٦٢. رجب طيب أردوغان؛ على الموقع:
http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/1dcad94d-5f59-454c-88b2-b7875733b5b5
٦٣. دميرطاش.. لمحة عن "المرشح السجين" لانتخابات الرئاسة التركية؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/50353
٦٤. أربع ملامح للحملة الانتخابية للرئيس أردوغان؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/48834
٦٥. أردوغان: شباب دياربكر سيوجهون صفعة للإرهاب عبر صناديق الاقتراع؛ على الموقع:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9...
٦٦. من هو محرم إنجة منافس أردوغان على رئاسة تركيا؟؛ على الموقع:
http://www.bbc.com/arabic/middleeast-44004895
٦٧. محرم إينجه.. ما حظوظ مرشح حزب الشعب المعارض للرئاسة التركية؟؛ على الموقع:
https://www.noonpost.org/content/23177
٦٨. ميرال أكشينار: "المرأة الحديدية" التي تتحدى أردوغان؛ على الموقع:

http://www.bbc.com/arabic/middleeast-41739797
٦٩. تركيا وطنٌ واحدٌ متعدد القوميات؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/12585
٧٠. انتخابات تركيا.. لماذا التعجيل؟ ؛ على الموقع:
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2018/4/20/%D8%A7%D9%86....
٧١. ماذا تعرف عن تاريخ المجموعات العرقية في تركيا؟؛ على الموقع:
https://www.noonpost.org/content/17512
٧٢. انتخابات مُبكرة في تركيا.. النتائج والسيناريوهات المُتوقعة؛ على الموقع:
https://www.noonpost.org/content/22974
٧٣. الانتخابات المبكرة بتركيا.. الدوافع والحسابات؛ على الموقع:
http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2018/4/19/%D8%A7%D9%84....
٧٤. ما يجب أن تعرفه عن التعديلات الدستورية التركية ؛ على الموقع:
https://www.alaraby.co.uk/amp//politics/2017/4/15/%D9%85...
٧٥. كل ما تريد معرفته عن انتخابات تركيا ٢٠١٨؛ على الموقع:
http://arabic.euronews.com/2018/06/20/everything-you-need-to-know-about-turkish-snap-elections
٧٦. انتخابات تركيا ٢٠١٨: كل ما تحتاج معرفته؛ على الموقع:
https://alqabas.com/537465/
٧٧. الانتخابات التركية.. الأهمية والتوقعات والانعكاسات؛ على الموقع:
http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2018/6/18/%D8%A7...
٧٨. حزب العدالة والتنمية التركي.. النشأة والانجازات؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/12544
٧٩. الانتخابات الرئاسية التركية: معركة انتخابية محتدمة؛ على الموقع:
https://alqabas.com/551861/
٨٠. 6 مرشحين للرئاسة التركية رسميا؛ على الموقع:
https://aawsat.com/home/article/1264461/6-%D9%85...

## ماڵپەڕو نوسراوە ئینگلیزییەکان

81. The 2017 Constitutional Referendum in Turkey, APRIL 2017
82. Muharrem İnce likely presidential nominee of Turkey’s main opposition CHP; at the site http://www.hurriyetdailynews.com/muharrem-ince-likely-presidential-nominee-of-turkeys-main-opposition-chp-131266
83. Turkey elections 2018: everything you need to know; at the site https://www.theguardian.com/world/2018/jun/18/turkey-elections-2018-everything-you-need-to-know
84. Could Erdogan lose? What to know about Turkey's elections, at the site https://edition.cnn.com/2018/06/20/europe/turkish-elections-erdogan-explainer-intl/index.html
85. Turkey’s Elections: Who are the presidential candidates?, at the site https://www.trtworld.com/turkey/turkey-s-elections-who-are-the-presidential-candidates--17883

## ماڵپەڕو نوسراوە تورکییەکان

86. HDP 2018 Seçim Bildirgesi
87. Yurttaş Yoldaş Arkadaş Demirtaş, 2018 Seçim Bildirgesi

88. 24 Haziran Seçimleri; at the site http://www.hdp.org.tr/tr/materyaller/24-haziran-genel-secimleri/11967
89. Milletvekili Adaylarımız; at the site http://www.hdp.org.tr/tr/guncel/milletvekili-adaylarimiz/5921

90. 'Ülke yönetmek bisiklete binmeye, sirk yapmaya benzemez'; at the site https://www.aa.com.tr/tr/politika/ulke-yonetmek-bisiklete-binmeye-sirk-yapmaya-benzemez/1158223
91. Seçim için geri sayım sürüyor; at the site https://www.aa.com.tr/tr/politika/secim-icin-geri-sayim-suruyor/1155334
92. İttifak ve siyasi partilerin pusuladaki yeri belli oldu; at the site https://www.aa.com.tr/tr/gunun-basliklari/ittifak-ve-siyasi-partilerin-pusuladaki-yeri-belli-oldu/1151827
93. Milletvekili aday listelerinde yarın son gün; at the site https://www.aa.com.tr/tr/politika/milletvekili-aday-listelerinde-yarin-son-gun-/1151615
94. Seçmen kütükleri yarın kesinleşecek; at the site https://www.aa.com.tr/tr/politika/secmen-kutukleri-yarin-kesinlesecek/1152294
95. Türkiye 24 Haziran'da sandık başına gitmeye hazırlanıyor; at the site https://www.aa.com.tr/tr/secim-2018/turkiye-24-haziranda-sandik-basina-gitmeye-hazirlaniyor/1147446
96. Belçika'daki Türkler 24 Haziran seçimlerini bekliyor; at the site https://www.aa.com.tr/tr/dunya/belcikadaki-turkler-24-haziran-secimlerini-bekliyor/1160431
97. HDP’s Demirtaş: I'm not a manager, member, spokesperson, or sympathizer of PKK**;** at the site https://www.birgun.net/haber-detay/hdp-s-demirtas-i-m-not-a-manager-member-spokesperson-or-sympathizer-of-pkk-142462.html
98. CHP’li İlhan Kesici: Adayımız Muharrem İnce; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/ilhan-kesici-adayimiz-muharrem-ince-2385419/
99. YÜRÜTME VE İDARE BÖLÜMÜ; at the site http://www.resmigazete.gov.tr/mukerrer/mukerrer.htm
100. Cumhurbaşkanı Erdoğan: Eli kanlı katil sürülerine hayat hakkı tanımayacağız; at the site https://www.aa.com.tr/tr/gunun-basliklari/cumhurbaskani-erdogan-eli-kanli-katil-surulerine-hayat-hakki-tanimayacagiz/1164531
101. Cumhurbaşkanı Erdoğan: Kürtlerin devleti Türkiye Cumhuriyeti Devleti'dir; at the site https://www.aa.com.tr/tr/gunun-basliklari/cumhurbaskani-erdogan-kurtlerin-devleti-turkiye-cumhuriyeti-devletidir/1164406
102. İşte AK Parti'nin seçim beyannamesi; at the site https://www.aa.com.tr/tr/politika/iste-ak-partinin-secim-beyannamesi/1155834
103. HDP; at the site http://www.haberturk.com/kurum/hdp
104. Selahattin Demirtaş; at the site http://www.haberturk.com/kisi/selahattin-demirtas
105. Demirtaş'ın bilinmeyenleri! ; at the site http://www.haberturk.com/gundem/haber/1040409-demirtasin-bilinmeyenleri
106. İşte tüm partilerin 24 Haziran seçimleri için milletvekili aday listeleri; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/iste-tum-partilerin-24-haziran-secimleri-icin-milletvekili-aday-listeleri-2422040/
107. AKP milletvekili aday listesi belli oldu! Sürpriz isimler; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/son-dakika-iste-akpnin-24-haziran-icin-milletvekili-aday-listesi-2420990/?utm_source=szc&utm_medium=free&utm_campaign=ilgilihaber
108. İşte CHP’nin 24 Haziran için milletvekili aday listesi; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/son-dakika-iste-chpnin-24-haziran-icin-milletvekili-aday-listesi-2420972/?utm_source=szc&utm_medium=free&utm_campaign=ilgilihaber
109. HDP aday listesini YSK’ya Verdi; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/hdp-aday-listesini-yskye-verdi-2421267/?utm_source=szc&utm_medium=free&utm_campaign=ilgilihaber
110. İYİ Parti milletvekili adayları belli oldu! İşte 24 Haziran için milletvekili aday listesi…; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/son-dakika-iste-iyi-partinin-24-haziran-icin-milletvekili-aday-listesi-2420983/?utm_source=szc&utm_medium=free&utm_campaign=ilgilihaber

111. Saadet Partisi'nin milletvekili aday listesi belli oldu; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/saadet-partisi-24-haziran-icin-milletvekili-aday-listesi-2421095/?utm_source=szc&utm_medium=free&utm_campaign=ilgilihaber
112. MHP milletvekili adayları açıklandı! İşte MHP milletvekili aday listesi…; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/mhp-milletvekili-adaylari-aciklandi-iste-mhp-milletvekili-aday-listesi-2414860/?utm_source=szc&utm_medium=free&utm_campaign=ilgilihaber
113. Vatan Partisi'nin milletvekili aday listesi belli oldu; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/vatan-partisinin-milletvekili-aday-listesi-belli-oldu-2421349/?utm_source=szc&utm_medium=free&utm_campaign=ilgilihaber
114. HÜDA PAR milletvekili aday listesi; at the site https://www.sozcu.com.tr/2018/gundem/huda-par-milletvekili-aday-listesi-2422059/?utm_source=szc&utm_medium=free&utm_campaign=ilgilihaber
115. Milletvekili Adaylarımız; at the site http://www.hdp.org.tr/tr/guncel/milletvekili-adaylarimiz/5921
116. HDP 24 Haziran Seçimleri; at the site http://www.hdp.org.tr/tr/materyaller/24-haziran-genel-secimleri/11967
http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/1dcad94d-5f59-454c-88b2-b7875733b5b5